
# ئاوێنەی مردوو



2022

کتێبخانەی (PDF)


نووسەر

ئاگاسا کریستی - هنری گیلد

مۆریس لبلان (ئارسین لوپین)

وەرگێڕان

مەدینە ئەحمەد

# ئاوێنـەی مردوو

## ئاگاثا کریستی
## و
## چەند چیرۆکێکی دیکەی لێکۆڵینـەوە

**. ئاگاثا کریستی**

**. هنری گێڵد**

**. مۆریس لبلان ( ئارسین لۆپین)**

**وەرگێڕانی:**

**مەدینە ئەحمەد**

# ئاوێنەی مردوو

هرکـڵ بـوراو ی پشـکنەری نهێنـی بە شـوهرەت نـامەیەکی لەلایەن سـێر گرفـاس گـور پێگەشـت، لە نێویـدا دەڵێـت کەوا قوربـانی پرۆسـەیەکی سـاختەیە و دوای ئەوەی نـاو و شـوهرەت و زیرەکـی بیسـتووە داوای لێـدەکات بە هانـایەوە بچێـت، بـۆئەم داوایەش چـاوەڕێی یەکەم ئامـاژە بێـت لەلایەن سێرەوە بۆ گەشت.

بـوراو بیـری لەڕەتکـردنەوەی داواکەی دەکـردەوە، بەڵام دواتـر بڕیـاری دا دەربـارەی سـێر گرفـاس پرسـیار لەچەنـد هاوڕێیەکی بکات، تا بزانێ کێیە و کێ نییە.

پشـکنەرە نهێنـیەکە لە یەکێـك لە هاوڕێکـانی کە بەشـێوەیەکی تەواو بەخێـزانە بەریتانیەکـان ئاشـنایە زانـی کەوا گـۆر ئەفسـەری سـوپا بـووە و بەشـداری جەنگـی جیهـانی یەکەمـی کردووە، و لە خێزانە بەریتانیە ڕێزدارەکانە.

هاوڕێکەی قسەکانی زیاد کردوو وتی:

_ پیـاوێکی کەلـلە ڕەقە، چەنـد شـتێکی هەیە وای لێـدەکا نـاڕەحەت بـێ لەدەوری هاوڕێکـانی، دەوڵەمەنـدە و سـەروەتێکی زۆری هەیە. سەرسـامی سەرکێشـییە، گەشـتی قطبیشـی کـردووە، ئەکتەرێکـی بەناوبانـگ کە ڕۆڵـی ئەوی دەبینی ونبوو.

ئەوەش بـــزانە بە بەخـــتە لەهەر کارێـــك کە دەیکـــات چ بازرگانی بێت یان کۆمەڵایەتی، بێگومان ئێستا بەتەمەنە.

هـاوژینێکی لەسـەر خـۆی هەیە زیـاتر بیـر لەژیـانی ڕاسـتی بکـاتەوە بیـر لەغەیـب دەکـاتەوە، لێـت ناشـارمەوە هەنـدێك هـــاوڕێی بە شـــێت نـــاوی دەبەن، بەڵام بەوشـــێوەیەش نیـــیە کەپێشـــتر پـــێم وتـــی، هەنـــدێك ئەتـــواری ســـەیری هەیە کە وادەکات کەسانی تر بەشێتی دابنێن.

سـێر بەخۆیـدا دەنـازێ لـوتبەرزە بە خێـزانەکەی، پێـی وایە ئەبێـت ئەم دونیـایە دابەش بکرێـت بـۆدووبەش؛ بەشـێك خـۆی و خێزانەکەی بەشەکەی تریش خەڵکی.

هـــاوژینەکەی هێشـــتا خـــاوەنی جـــوانیە، هەروەك پـــێم وتـــی حەزی لەگەڕانە بەنـــاو سروشـــتدا، پێـــی وایە دەچێـــتەوە ســـەر یەکێك لەشاژنەکانی میسر.

کـــچەکەی، کـــچەکەی نـــاوی رۆز ە، دوای ئەوەی خـــۆی و ژنەکەی بـــێ هیوابـــوون لەمنـــداڵ خســـتنەوە ئەرکـــی بەخێوکردنیان لەئەستۆ گرت.

لە کۆتایشـدا خوشـکەزاکەی دێـت، هۆگـۆ ترنـت، بـێ نـازە، بێگومـــان نازناوەکەیـــان هەڵناگرێـــت، بەڵام میراتیەکـــی زۆر لەموڵك و پارەکانی بۆ دەمێنێتەوە.

دوای چەنـــد ڕۆژێـــك بروســـکەی پێگەشـــت کەوا ســـواری شـــەمەندەفەری کـــاتژمێر چـــوار و نیـــو بێـــت بـــۆ ویمبرڵـــی، وایکرد، کاتێك لە وێستگە وەستا،

خزمەتکارێـك و ترۆمبیلێکـی ڕۆلـزڕایس چـاوەڕوانی بـوون، بردی بۆ کۆشك.

لەناوەڕاسـتی دار و کـێڵگەی جـوان و دیمەنێکـی نـاوازە خـۆی دیتەوە.

کـــاتێ گەشـــتە کۆشـــکەکە دەرگـــا کراوەبـــوو، یەکێـــك لە خزمەتکارەکـــان نزیـــك بـــویەوە لێـــی، خزمەتکـــارەکە وەك ســـڵاوێك نەویەوە بـــۆی، دوای ڕاگەیانـــدنی نـــاوەکەی بەرەو هـــۆڵەکە ڕێنـــوێنی کـــرد، کۆمەڵێـــك میـــوانی لێبـــوو بەجلـــی ئاهەنگەوە.

لەبەختـی بـوراو کاتێـك بەهەنگـاوی یەکسـان و خێـرا دەڕۆشـت کەس چـاوەڕوانی هـاتنی نەبـوو، یـان نەشـیان دەناسـی، هەمـوو چاوەکان لەسەری نەبوو.

* * *

خانمێکی باڵابەرز بەرەو ڕووی هات.

بـوراو وەك سـڵاوێك بـۆی نەویەوە، بەشـێوەیەکی وەهـا سـەیر سـەیری دەکـرد وەك بڵێـی نەیناسـێت و ئـاخۆ کێبێـت؟، بـوراو خۆی ناساند و وتی:

_ خانمەکەم ئەبێ ئاگاداری هاتنم بوبیت.

_ بەڵـێ، پـێم وابێـت، یـان وادەرەکەوێ، بەڵام بەڕێـز بـوراو بمبـوورە، مـن زووشـت لەبیـردەکەم ئەبـێ هەمـوو میوانەکـان بناسیت.

ئەمەش ڕێگـایەك بـوو خـاتونی مـاڵ خـۆی بێزارناکـات بەئاشناکردنی میوانێك بەوانی تر.

بەڵام کاتێك ڕۆز ی کچی لێی نزیك بویەوە ناساندی و وتی:

_ کچەکەم ڕۆزی.

ڕۆزی کچێکـی جـوانی بـاڵابەرزی قـژ ڕەش بـوو جـوانی و میهرەبانیەکەی تائەوپەڕی سنوربوو.

کاتێـك قسـەی دەکـرد، قسـەزان و زیـرەك بـوو، خـاوەن کەسایەتیەکی تایبەت بوو، وتی:

خـوایە، چەنـد گەورەیە کەمیوانـداری بەڕێزێکـی وەك تـۆ،بکەین بەڕێـز بـوراو، دیـارە پیـاوی گەورە ویسـتویەتی سەرساممان بکات بەسەردانیت.

بوراو لێی پرسی:

_ کەواتە تۆ ئاگاداری هاتنم نەبویت خانمەکەم؟!

_ بەدڵنیـاییەوە نـا، ئەگینـا کتێـبە تایبەتەکـانم سـەبارەت بە ئۆتۆگرافی دوای نیوەڕۆ دەهێنا.

لەزەنـگ دراو خزمەتکـارەکە هەمـووانی بانگهێشـتی خـواردن کرد.

لەو دەمەدا لەکــاتی بانگهێشــتکردنی میوانەکــان خزمەتکــارەکە سەرسامبوو، بەڵام لەچاوتروکانێکدا خۆی گرت،

بوراو لەبارەی سەرسامیەکەی دەپرسی و لەخۆی دەپرسی.

خاتوو گۆر: ئەمە زۆر سەیرە لەڕاستیدا نازانم چیبکەم.

ڕۆث بــۆ بــوراوی ڕوونکــردەوە کەوا لەمــاوەی بیســت ســاڵدا یەکەم جــارە کە سـێر گــۆر لەکــاتی خۆیــدا بــۆ نــان خــواردن دوابکەوێت.

خـــاتوو گــۆر: نـــامۆیە...... زۆر نـــامۆیە، گرفـــاس هەرگیـــز دوانەکەوتووە.

یەکێـــك لەئامـــادەبوان وتـــی: گرفاســـی هاوڕێمـــان لەکۆتایـــدا تـێکەوت، سەرزەنشـتی دەکەیـن لەسـەر دواکەوتنـی و شـۆخی لەسەردەکەین.

خاتوو گۆر: بەڵام هەرگیز دواناکەوێت، ئەستەمە.

بــوراو بــۆیەکەم جــار لەوکــاتەوەی گەشـتۆتە کۆشـك هەسـتی بەنیگەرانـــی کـــرد، بەتـــایبەت کاتێـــك هەســـتی کـــرد یەکێـــك لەئامـــادەبوان نازانێـــت چیبکـــات دوای دواکەوتنـــی خـــاوەن کۆشك بۆ خوان.

ســـنڵی خزمەتکـــار بە خـــاتوونی وت: پێـــنج خـــولەك پێشـــتر ڕۆشــت بۆنهــۆمی دووەم، دواتــر بەرەو کتێبخــانەکە، بــڕۆم و پێی بڵێم خواردن ئامادەیە.

_ سوپاس سنڵ، بەدڵنیاییەوە بڕۆ.

خزمەتکارەکە لەهۆڵەکە وەدەرەکەوت.

پــاش کەمێــك ســنڵ گەڕایەوە و وتـــی: دەرگـــای کتێبخـــانەکە لەناوەوە داخراوە.

لەم ســاتەدا بــوراو بڕیــاری دا خــۆی لەمەســەلەکە بگەیەنێــت، بــانگی خزمەتکــارەکەی کــرد لەگەڵــی بــڕوات بەرەو کتێبخــانە، پشکنەری نهێنیش بەدوایدا، و هەموانیش بەدوایدا.

*      *      *

بــوراو دەســـکی دەرگـــاکەی جوڵانـــد، جــوڵا بەڵام دەرگـــاکە نەکرایەوە.

بڕیــاری دا دەرگــاکە بشــکێنێ، دوان لە ئامــاددەبوان یارمەتیــان دا لەشـــکاندنی دەرگـــاکە لەکۆتایـــدا کـــرایەوە، هەمـــووان ڕەپ وەستابوون و لە ناوەوەی کتێبخانەکەیان دەڕوانی.

ڕوونــاکیەکە پێکرابــوو، لەلایەکــی مێــزەکە پیاوێــك دەســتەکانی لەســـەر مێـــزەکە و ســـەری بەرەو دواوە دانیشـــتبوو، چەکەکەش لەژێرەییەوە بوو لەسەر زەوییەکە.

هەمووان پێیان وابوو سێر گۆر خۆی کوشتووە.

ژنەکەی هاواری کرد تا پیاوەکەی بە ئاگا بینێتەوە.

بــوراو هـــاواری لەیەکێـــك کـــرد تـــا ژنەکەی بـــبەن و دووری بـــخەنەوە لەوێ، ڕۆث ئامـــاددەبوانی بـــڕی و لەتەنیشـــت بـــوراو وەستا و لێی پرسی:

_ دڵنیای مردووە؟!

بــوراو لێــی ڕوانــی بەڵام وەڵامــی نەدایەوە، داوای لە یەکێــك لەو پۆلیســانەی لە نزیکــی وەســتابوون بــانگی پــۆلیس بکــات، هەروەهــا داوای لە هۆگــۆ ترنــت کــرد هەمــوان ببــاتە دەرەوەی کتێبخانەکە، و کەسی تێدانەمێنێت.

کاتێــك هەمــووان وەدەرکەوتــن لەژوورەکە بــوراو چــاوی لەدەوروبەری خــۆی کــرد و هەمووشــتێکی دەپشــکنی کە بەرچاوی دەکەوت.

بەرەو دەرگــاگە ڕۆشــت بیپشــکنێ، دواتــر بەرەو مێــزەکە ، لێــی دەڕوانــی، لەدیــواری پشــت مێــزەکە ئــاوێنەکەی لێبــوو چەنــد پــارچەیەکی لێببــویەوە و کەوتبــونە ســەر زەوی، بــورایە سەری دانەواند و گوللـەیەکی وەدی کرد، ترنت پرسی:

_ ئەوە چییە؟

_ گوللـە یە.

_ کەواتە ســــەری پێکــــاوە، و بەرئــــاوێنەکە کەوتــــوە و شکاندویەتی.

_ وادەرەکەوێ.

بــوراو گوللــلەکەی گەڕانــدەوە جــێگەی خــۆی، دواتــر بەرەو مێــزەکە و لەســەر ئەوکــاغەزەی لەبەردەم مــردووەکەدا بــوو وشەیەکی لەسەر نوسرابوو... نوسرابوو (( بەداخەوە)).

ترنت: دیارە ئەو وشەیەی پێش خۆکۆشتن نوسیوە.

بوراو پەنای بردبووە بەر بێدەنگی،

و لە ئـــاوێنە شـــکاوەکەی دەڕوانـــی، دواتـــر لە مـــردووەکە، دواتـــر بەرەو دەرگـــاکە ڕۆشـــت بیکـــاتەوە، بەڵام کلیلـــی پێوەنەبـــوو، بەخێرایـــی بەرەو مـــردووەکە ڕۆشـــت و گیرفانەکانی پشکنی، وتی:

_ بەڵێ کلیلەکە لەگیرفانیەتی.

هۆگـــۆ لەم ســـاتەدا جگەرەیەکـــی پێکـــرد، یەکەم هەناســـەی لەجگەرەکە کێشاو وتی:

_ دۆسـییەکە ڕوونە، خـاڵم دەرگـای کتێبخـانەکەی کلیـل داوە، و دواتـر ئەو وشـەیەی نوسـیووە کە خوێنـدتەوە، و لەکۆتایـدا گوللـەیەکی بەخۆیەوە ناوە.

بـوراو جـارێکی دیـکە پەنـای بۆبێـدەنگی بـرد، نقـوم ببـوو لەبیرکردنەوەیەکی قووڵ.

هۆگـــۆ بەدەم ڕۆشـــتنەوە دەیـــوت: بەڵام بـــۆچی نـــاردوویەتی بەشوێن تۆدا، چ پێویستی دەکرد؟

_ ئەوە شـــتێکە ڕوونکـــردنەوەی ئەســـتەمە لەئێســـتادا، بەڵام تکایە ئەوانە کێن کە لە هۆڵەکە چاوم پێیان کەوت؟

_ پـورە فانـدا و ڕۆزت ناسـی، سـێیەم کـچ سـوزان کـاردۆڵ و لەئێسـتادا سـەردانی کۆشـك دەکـات، دواتـر کۆلۆنێـڵ بـری کە هـــاوڕێیەکی کـــۆنی خێـــزانەکەیە، و وە بەڕێـــز فـــۆریس هەروەك کولۆنێـڵ هـاوڕێیەکی کـۆنی خێـزانەکەیە و لەهەمـان کاتیشـــدا پـــارێزەری خێـــزانەکەیە، لەڕابـــردوودا فانـــدای خۆشویســـتووە هێشـــتاش لەکۆشـــك هەرکـــات ســـەردان بکـــات چاویان بەیەکتری دەکەوێت.

✻———————————✻

شــــتێکی نـــامۆیە، بەڵام کـــاریگەرە بێگومـــان، لەکۆتایشـــدا گــۆدفری بــۆرور کە ســکرتێری خــاڵمە، و خــاتو لینگــارد، کە کتێبی مێژووی خێزانەکە دەنوسێتەوە.

_ ئاگادارکرامەوە گوێت لەدەنگی گوللەکە بووە؟

_ بەڵـــێ، بەڵام پێمـــان وابـــوو لەوەیە دەنگـــی ســـەری بتڵـــی شـامپانیا بێـت هەمـان دەنـگ دەردەکەن، یـان دەنگـی ترۆمبیلێـك کەلە ڕێگای سەرەکیەوە تێ ئەپەڕێ.

_ کەی بوو؟

_ کــاتژمێر هەشــت و دە خــولەك، کاتێــك خزمەتکــارەکە یەکەم زەنگی نان خواردنی لێدا.

_ لەکوێ بویت لەو ساتەدا؟

_ هەموومـــان لە هـــۆڵەکە بـــووین و پێـــدەکەنین و قســـەمان دەکرد، لەسەر ئەودەنگەی بیستمان.

_ پێـت وایە هۆکارێـك هەبێـت تـا خاڵـت پەنـا بـۆ خۆکوشـتن ببات؟

_ پـــێم وانیـــیە مـــافی ئەوەم هەبێـــت وەڵامـــی ئەو پرســـیارە بـــدەمەوە، بەڵام هەمـــووان دەزانـــن خـــاڵم شـــێت بـــوو، ئەم کارەشی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

لەقســـەکانی هۆگـــۆ وە بـــوراو بـــۆی دەرکەوت کە خـــاڵی زۆر خۆشـــی نەویســـتووە، بەزۆری لەگەڵـــی کۆنەبـــۆتەوە، هۆگـــۆ بەوە تەنگـــی کـــردووە کە نەیتوانیـــوە کوڕێـــك بخـــاتەوە تـــا ببێـــتە میراتگری و نازناوەکەی هەڵبگرێت.

سـەبارەت بە چارەنووسـی مولْـك ، پارەكـانی گەنـجەكە هیچـی لەبـارەوە نەدەزانـی، بەڵام وتـی خـۆزگە بـۆمنی بەجێدەهێشـت، یان ڕۆز، یان ژنەكەی تا زیندووە.

_ هیچی پێنەوتویت لەسەری؟

_ هەرگیـز، ئامـاژەی بەوەكـردوە ئەبـێ هاوسـەرگیری لەگەڵ ڕۆز بكەم.

_ بیرۆكەیەكی باشە.

_ بەڵام ڕۆز ڕای خۆی هەیە، ئەو زۆر جوانە خۆشی ئەوە دەزانێت، بۆیە پەلەی نییە لە هاوسەرگیری.

* * *

پـاش كەمێـك بەڕێـوبەری پۆلیسـی نـاوچەكە كۆلونێـڵ ڕیـدڵ گەشـت، سەرخۆشـی لە هۆگـۆ ترنـت كـرد، سەرسـامبوو بە بینینـی بـوراو، چـاوەڕێی ئەوە نەبـوو لەشـوێنێكی وەهـادا و بەتایبەت لەكاتێكی وەهادا بیبینێ.

دكتـۆری ڕەسـمی دوای پشـكنینی جەسـتەی مـردوو ڕایگەیانـد كەوا كاتژمێرێـك یـان كەمێـك زیـاتر ڕووداوەكە ڕوویـداوە، گولــلەكە سـەری پێكـاوە و دەسـبەجێ گیـانی سـپاردووە دەرچووە و ئاوێنەكەی شكاندووە.

كولۆنێڵ: پێت وایە ڕووداوەكە خۆكوژی بێت؟

_ بەڵـێ، جەسـتەكە دوای مردنـی لار بـۆتەوە، دواتـر دەمانچەكە لەدەستی كەوتۆتە خوارەوە بۆسەر زەوییەكە.

کولونێـلْ: ئەوەی کە دڵخۆشـم دەکـات سـەبارەت بەم دۆسـێیەیە ئەوەیە هـیچ تەنـگ و ئـاڵۆزیەکەی تێـدا نیـیە تـا مانـدوومان بکات.

بـوراو لە دکتـۆری پرسـی: دکتـۆر بەڕاسـتی پێـت وایە هـیچ ڕوونکردنەوەیەکی تر نەبێت؟

دکتـۆرەکە لەسـەرخۆ وتـی: لەڕاسـتیدا شـتێکی نـامۆ هەیە لەدۆسـییەکەدا، ئەویـش ئەوەیە کاتێـك تەقەی لەخـۆی کـردووە جەسـتەی کەمێـك بەلای ڕاسـتدا وەچەرخـاوە، ئەگەر بەوشـکی و ڕێکی بوەستایە دیوارەکەی ئەپێکا نەك ئاوێنەکە.

بـوراو: دانشـتنێکی بێـزارکەرە بۆیەکێـك بیەوێـت خـۆی بکوژێت.

دکتـۆرەکە سـەری لەقانـد و وتـی: بێگومـان، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکی وردتر و درشترت بوێت.

پیـاوانی پـۆلیس دەمانچەکەیـان بەمەبەسـتی بـونی شـوێن پەنـچەی مـردوو بـرد بۆپشـکنین، دواتـر تەرمەکە گوازرایەوە، کۆلۆنێڵ ئاوڕی دایەوە بۆلای بەڕێز بوراو.

_ لێکـۆڵینەوەکە بەخێرایـی تەواوبـوو، پیـاوەکە خـۆی کوشـتووە و دەرگـا و پەنـجەرەکەش داخرابـوون، ئەسـتەمە لەحـاڵەتێکی وەهـادا کەسـی دووهەم بـوونی هەبێـت، بەڵام تـۆ چیەکەی لێرە؟

وەڵامـی بـوراو پێـدانی نـامەی مـردوو بـوو، کولۆنێـڵ سـەری لەقاند لەکاتی خوێندنەوەی و وتی:

_ زۆر نـامۆیە، ئەبـێ نهێنـی ئەم نـامەیە بـزانین لەوەیە هۆکاری خۆ کوشتنەکە بێت.

❃ ——————————————— ❃

* * *

لەوساتەدا گەنجێك وەك ڕەشەبا وەژوورکەوت و وتی: بیستم سێر گرفاس خۆی کوشتووە، خزمەتکارەکە دڵنیای کردمەوە، کارێکی سەیرە و باوەڕپێنەکراوە.

وەژوورکەوتووەکە کاپتن لیك ی سەرپەرشتیاری مۆڵکی سێر گرفاس بوو.

دوای ئارام کردنەوەی زانیان نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ کاتژمێر سێ لەگەڵ سێر گرفاس کۆبووەتەوە سەبارەت بەزەوییەکانی، سێر گرفاس لەحاڵێکی تەواو خۆش بووە، و دڵخۆش بەکارەکانی، و بیر لەخۆکوژی ناکاتەوە، دیارە هۆکارێك هەیە، هەرئەوەش بووە وای لە کاپتن لیك کردووە گومان لەخۆکوژییەکەی بکات و بڕوانەکات.

کولۆنێل لێی پرسی ئاخۆ زانیاری هەیە کە شتێك بێتە مایەی نیگەرانی سێر گرفاس، بەڵام گەنجەکە بەنەرێنی وەڵامی دایەوە.

دوو پیاوەکە چاویان بە سنڵی خزمەتکارکەوت، و زانیان کەوا کۆتا جار نزیکی کاتژمێر هەشت سێر گرفاسی بینیوە لەپلیکانەکان ڕۆشتۆتە خوارەوە و دواتر ڕاڕەوەکەی بڕیوە بەرەو کتێبخانەکە، خزمەتکارەکەش لەو دەمەدا سەرقاڵی ڕێکخستنی هۆڵی نان خواردن بووە.

دانی بەوەدانا کە گوێی لەدەنگی تەقەکەبووە بەڵام وایزانیوە دەنگی ترۆمبیلە،

هەروەهــا پێشــی وابــووە لەوەیە دەنگــی کــردنەوەی ســەری بــوتڵی شــەمپانیا بێــت، کــاتەکەش هەشــت و هەشــت خــولەك بووە.

_ چۆن توانیت بەو درشتییە کاتەکە بزانیت؟

_ لەبەرئەوەی زەنگــی یەکەمــی نــان خــواردنم لێــدا، عــادەتەن منــیش حەوت خــولەك پــێش زەنگــی دووەم زەنگــی یەکەم لێــدەدەم، لەبەرئەوەی نــان خــواردن بەتەواوی کــاتژمێر هەشــت و چــارەکە، کــاتێ زەنگــی دووەمــم لێــدا ســەیرم لێهــات ســێر گرفــاس بــوونی نەبــوو، لەبەرئەوەی هەمیشــە لەکــاتی خۆیدا ئامادە دەبێت و دواناکەوێت.

کولۆنێڵ: ئەی هەمووان لەکاتی دیارکراو لەوێ بوون؟

_ بەڵــێ، لەبەرئەوەی ئەوەی دوابکەوێــت جــارێکی دیــکە بانگهێشــتی کۆشــك نــاکرێتەوە، لەڕاستیشــدا نە خــاتوو ڕۆز نەخــاتوون هەوڵیــان نەدا پــێچەوانەی ئەم بڕیــارەبن، حەزدەکەم سەرنجت بۆئەوە ڕابکێشــم کە کــاتی نــان خــواردنی عــادەتەن کــاتژمێر هەشــتە، بەڵام ســێر گرفــاس چارەکێــك درێــژی کــردەوە لەبەرئەوەی چــاوەڕێی میــوانێکی نــوێی دەکرد.

کولۆنێــڵ لەخزمەتکــارەکەوە زانــی کەوا بەتەنهــا ڕۆشــتووە بۆکتێبخــانەکەی، وەکەسیشــی نەبینیــوە هەوڵــی چــوونە ژوورەوە بــدات، دەمــانچەکەش هــی ســێر گرفاســە، هەمیشــە لەڕەفەی کتێبخانەکە پاراستویەتی.

کاتێك لەخزمەتکارەکەی پرسی ئاخۆ هیچ شتێك هەبێت

کەوا لەگەورەکەی بکـــات خـــۆی بکوژێـــت بەنەرێنـــی وەڵامـــی دایەوە، دانـــی بەوەدانـــا گەورەکەی نیگەرانـــی شـــتێك بـــووە بەڵام نازانێت کەوا چییە.

کاتێـــك کولۆنێـــڵ کـــاری لەگەڵ خزمەتکـــارەکە تەواوبـــوو، پێشوازی لە لەیدی گۆر کرد، وتی:

گوێی لە کولۆنێڵ بووە ویستویەتی قسەی لەگەڵ بکات.

کولونێـــڵ لەقســـەکانی بـــۆی دەرکەوت کەوا بـــڕوای بەڕۆح هەیە و پێـــی وایە ئێســـتا ڕۆحـــی مێـــردەکەی لەپشـــت کولونێـــڵ ەوە ڕاوەســـتاوە، و چـــارەنووس یـــاری خـــۆی کـــردەوە، هـــیچ سەرســـام نەبـــووە کاتێـــك پێیـــان وتـــووە خۆکـــوژی بـــووە، چـــاوەڕێی کۆتـــاییەکەی لەم شـــێوەی دەکـــرد، بەڵکـــو خـــودی خـــۆی چـــاوەڕێی دەکـــرد چـــونکە جیـــاوازە لەکەســـانی دیـــکە، و نەیتوانیوە وەڵامیان بداتەوە.

کاتێـــــك کولۆنێـــــڵ لێـــــی پرســـــی لەبـــــارەی هۆکـــــاری خۆکـــوژییەکەیەوە وەڵامـــی دایەوە بەوەی هێزێکـــی نەبینـــراو پـــاڵنەری بـــووە، وە هـــیچ یەکێـــك لەئـــێمە ناتوانێـــت لەمـــان بگـــات لەبەرئەوەی لێـــرە ئـــێمە لە زەوی دەجـــوڵێین بەپێـــی بـــوارە مادییەکان،

کاتێـــك پرســـی ئـــاخۆ مێـــردەکەی پارەکـــانی بـــۆکێ بەجێهشـــتووە وتی کەوا ئەو هەرگیز بیر لەپارە ناکاتەوە.

کاتێـــــك لەژوورەکە وەدەرکەوت کولۆنێـــــڵ ئـــــاوڕی دایەوە بەرەو لای بوراو و وتی:

_ لەوە شێتترە کە چاوەڕێم دەکرد ببێت.

_ پێم وانیە ئەوەندەش وابێت، لەڕاستیدا شتێك لەم دۆسییەدا هەیە بەدڵم نییە.

_ مەبەستت هۆکاری خۆ کوشتنەکەیە؟

_ کێ وتی من بڕوام بە بیرۆکەی خۆ کوشتنەکەیە؟

لەهەر کەسێك کە پەیوەندی بە سێر گرفاسەوە هەبووە دەتوانین بزانین کەوا پێی وابووە خودایە یان بەلایەنی کەمەوە لەکاتە، وە پیاوێك ئەم بیرۆکەی هەبێت جێی قبوڵ نییە بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە بەڵکو ئەوە جێی قبوڵە کە کەسێك کوشتویەتی.

_ بەڵام ئەو بەڵگانەی کە هەمانە ئاماژەن بەوەی خۆکوژییە.

_ هەرگیز، لەبەرئەوەی ڕێگای خۆکوژییەکەی کەس قایل ناکات، بۆچی کورسییەکەی وەچەرخاندووە و دوای گوللەی لەسەری خۆی ناوە، بەم کارە ویستویەتی ئاوێنەکە بشکێنێت، چ کاری بەوەوە هەیە؟ بۆچی وابکات؟ بەڵام واز لەوەبێنە، بابڕۆین بۆ هۆڵەکە و سەر لەمیوانەکان بدەین لەوەیە شتێکی نوێ وەچنگ بخەین.

* * *

کولۆنێل پرسیاری لە بەڕێز فۆریس پارێزەر و چاودێری کارەکانی سێر گریفاس کرد کەوا چی دەزانێ، ئایا بریکارەکەی نیگەرانی ئەوە بووە نهێنیەك هەبێت ژیانی بخاتە مەترسییەوە؟

بەنەرێنی وەڵامی دایەوە، وتی کەوا نەخۆشیش نەبووە.

کاتێـك لەبـارەی ئـاژاوەیەك لەخێـزانەکەی پرسـیاری لێکـرد، پـارێزەرەکە سەرسـامبوو بەپرسـیارەکەی، بـوراو ئەو نـامەی پیشـاندا کە سـێر گریفـاس بـانگی کردبـوو بۆلێکـۆڵینەوە دەربـارەی دزیـن و هەوڵـی لە ڕێلادانـی پارەکـانی بەهەڕەشـکردن، و چەنـد شـتێکی دیـکە، پـارێزەرەکە زیـاتر سەرسـامبوو، وە وتـی هـیچ شـتێك نازانێـت کە ببێـتە هـۆی ئەوەی داوای شتێکی لەو شێوەیەبکات.

دواتـر کولۆنێـڵ پرسـیاری دەربـارەی وەسـێتەکەی گریفـاس کرد، وتی:

_ شـەش هەزار جـونیەی سـاڵانەی بـۆ ژنەکەی بەجێهێشـتووە، وە هەر کۆشـکێکیش کە خـۆی ئەیەوێـت تیایـدابێت، هەروەهـا چەنـد شـتێکی تـر، ەو سەروەتەیشـی کە مـاویەتی بـۆ ڕۆزی کچـی بەجێهشـتووە، بە مەرجێـك هاوسـەرگیری لەگەڵ کەسـێك بکـات کە هەڵگـری نـاوی گـۆر بێت، کە ناوی بنەماڵەی سێر گریفاس گۆرە.

_ ئەی خوشکەزاکەی هیچی بۆ بەجێنەهێشتووە؟

_ بەڵێ، پێنج هەزار جونیەی ساڵانە، لەگەڵ زەویدا.

_ زۆر دەوڵەمەندە؟

_ بەڵـێ، بـێجگە لە موڵکەکـانی سـەروەتێکی گەورەی هەیە، موڵکەکـانی لەمـاوەی کۆتایـدا دابەزی، و لە کۆمپانیـای لاستیکەکەیشـدا شکسـتی هێنـا کولونێـڵ بـری قـایلی کردبـوو بەشداری تێدا بکات.

_ کەی وەسێتەکەی نووسی؟

_ بەنزیەکەی دووساڵ پێشتر ئەبێت.

_ چی وایلێکرد خوشکەزاکەی نەکات بەمیراتگر؟

_ لەبەرئەوەی خوشـــکەی بەبـــێ ئەوەی ڕای ئەو وەربگریـــت هاوســـەرگیری لەگەڵ بەڕێـز ترنـت کـرد، هەرئەوەش وایکـرد کە ڕۆز بەخێوبکـات تـامیراتگرێکی هەبیـت. هەرئەوەش بـوە هۆکـــــاری ئەوەی کە هۆگـــــۆ وەلاوەبنێـــــت و ســــــاڵانە هەرئەوەندەی پێبدات.

بوراو پرسی: خاتوو ڕۆز کێیە؟

_ خزمێکـــی دووره پـــێم وابـــێ، هەروەك بەڕێـــز گریفـــاس کەللە ڕەقە.

_ ئێستا ئەو زۆرترین میراتی بەرەکەوێت.

پـارێزەکە وتـی: لێـت ناشـارمەوە بەڕێـز، بەڕێـز گریفـاس دوو ڕۆژ پێشتر ویستی وەسێتێکی نوێ بنوسێت.

کولنێڵ سەری لەقاند و وتی:

_ تۆ ئەمەت پێ نەوتین.

_ لەبەرئەوەی کەس نەیپرسی.

_ چ شتێکی نوێ لە وەسێتەکە هەیە؟

_ هیچـــی نـــوێ نیـــیە جـــگە لەوەی ڕۆز ئەبێـت هاوســـەرگیری لەگەڵ ترنـت بکـات تـا ســەروەتی کـۆچکردووی بـۆبمێنێتەوە، ئەگەر ڕەتـــی بکـــاتەوە ســـەروەتەکەی بـــۆبەڕێز ترنـــت ئەبێـــت، ئەگەر ئەویش ڕەتی بکاتەوە بۆخاتوو ڕۆز ئەبێت.

کاتێك پرسیاریان لەبۆرۆی نوسەری کۆچکردوو کرد وتی:

_ خۆکوشتنکەی شتێکی سەیر بووە و هیچی دەربارەی لیکۆڵینەوەکە نازانێ، لەگەڵ ئەوەی بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەك بەڕێز گریفاس ڕای وەردەگرت، هەروەها جیاوازیش بوونە لەشێوازی ژیانیان، حەزی لە تەڵە و دەرکەوتن و نەریتی کۆن بووە.

کاتێك کولونێل دەربارەی ڕۆژ پرسی ئاخۆ هاوڕایە لەگەڵ ڕایەکانی، سوور هەڵگەڕا و وتی:

_ چیتر دەربارەی باوکی قسەی لەگەڵ ناکات.

و پێش مردنی لەگەڵ سێر گریفاس کۆبوەتەوە، هەندێك نامەی پێبووە تاوەکو واژۆی بکات، ئارام و لەسەرخۆ دەرەکەوت، بۆیە سەرسامە بە ڕووداوەکە و چاوەڕێی وەها کارێکی لێنەکردووە.

کاتێك کولونێل لەگەڵ خاتوو لینگارد کە سێر گریفاس دایمەزراندبوو تاوەکو مێژووی خێزانەکە بنوسیتەوە بۆی دەرکەوت کەواسێر گریفاس نیگەرانی هەندێك بابەتی خێزانی بووە، ڕۆژێك ئەم قسەی وتووە (( زۆر مەترسیدارە بۆ خێزانێك کە ماوەیەکی درێژە ئابڕوو و شەرەفی دەپارێزێت لەدەستی بدات)) .....

کاتێك ویستویەتی ئارامی بکاتەوە، ڕێچکەی قسەکانی بۆمێژووی بنەماڵەکەی گۆڕیوە، پێی وتووە:

_ ئەم ئێوارە ناتوانێت کاربکات، لەبەرئەوەی تووشی شۆك بووە.

دواتـر بـانگی کـردم تـا بەسـنلێ خزمەتکـار بڵـێم ئەمـڕۆ بەڕێـز بـواریە سـەردانی کۆشـك دەکـات، ئبـێ چارەکێـك کـاتی خـوانی ئێـــوارە دوابخرێـــت، و ترۆمبیلێـــك بنێردرێـــت بە شـــوێنیدا لەوێستگەوە پێشـی وتـم هـاتنی بەڕێـز بـواریە بەکەس نەڵـێم، و ئەیەوێت هەمووان سەرسام بکات بەهاتنی.

لەکـــــاتی وەدەرکەوتنـــــی لە ژوورەکە گـــــوێی لێبـــــووە لەبەرخۆیەوە وتویەتی:

_ هـــاتنی ســـودی نیـــیە تـــازە، دوای ئەوەی شمشـــێری گۆشەگیری پێشکەوت و ئەوی ڕوویدا ڕوویدا.

کولونێـــڵ بـــری هەواڵێکـــی بەپەلە کەکەس پێشـــبینی نەدەکـــرد گەیانـــدە کتێبخـــانەکە، ئەوی پرســـی کەوا میراتگـــری ســـێر گریفاس ئەبێت کێ بێت؟ وتی بێگومان ڕۆزە.

_ بەڵام ڕۆز لە خێـزانەکە نیـیە، هۆگـۆ ترنـت لە خێـزانەکەیە، کـۆچکردوو زۆر گرنگـی بەپاراسـتنی نازنـاوی بنەمـاڵەکەی داوە.

دواتـــر کولونێـــڵ بـــری ئامـــاژەی بەوەدا کە ڕۆز کەســـێکی بێگـانە نیـیە بـۆخێزانەکە، کچـی ئەنتـۆنی گـۆر بـرازای سـێر گریفاســـە، لەجەنگـــدا کـــوژراوە، کە پەیوەنـــدی لەگەڵ **دەق نوسێکدا هەبووە**، و ئەم کچەی لێبووە.

کاتێـــك بـــاوکی مـــردووە نـــامەی بۆخـــاتوو فانـــدا نوســـیووە و لەگەڵـــی کۆبـــوەتەوە، ژنەکە چـــاوەڕێی منـــداڵێکی دەکـــرد، ئەوکـات ڤانـدا قسـەی لەگەڵ مێـردەکەی کـردووە، و بڕیاریـان داوە بەخێوی بکەن چونکە خۆیان ناتوانن منداڵیان هەبێت.

❃―――――――――❃

بووراو: ئەمە ڕوونی دەکاتەوە، بەڵام هەروەك زانیمان ترنتی خوشناوێ ئیتر بۆچی زۆری لێدەکا هاوسەرگیری لەگەڵ بکات؟

_ لەبەرئەوەی نەریتی خێزانەکەی ڕازی دەکات، لەڕاستیدا ئەوەی زۆر گرنگە بەلایەوە دەرکەوتنکەیە، ئەگینا ڕازی بوونی هەردوولای بەلاوە گرنگ نییە.

_ ڕۆز ڕازییە لەسەر هاوسەرگیریەکە؟

_ نا، ئیرادەیەکی بەهێزی هەیە.

_ ئەزانی سێر گریفاس دوو ڕۆژ پێش مردنی ویستویەتی وەستنامەکەی بگۆڕێت، ئەگەر ڕۆز ڕازی نەبوایە بەهاوسەرگیریەکە بێبەری دەکرد لەمیراتیەکە.

کولونێڵ فیکەیەکی لێدا و وتی:

_ دیارە بە پەیوەندیەکەی بورروی زانیوە.

کولونێڵ قسەکانی تەواو نەکردوو بووراو دەستەکانی گرت و وتی:

_ هیچ لە نێوانیاندا هەبووە؟

کولونێڵ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و وتی: نا، بڕواناکەم هیچ هەبێت[1].

✻———————————————✻

[1] لەوەیە ئێستا خوێنەر بپرسێت بۆچی وتی لەوانەیە پێی زانیبن بەڵام دواتر ئەڵێ بڕواناکەم.
ئەگەر خوێنەر بیری بێت لە پەڕەکانی پێشوتر کە پرسیار لە نوسەرەکە دەکرێت دەربارەی ڕۆز سوور هەڵدەگەڕێ، وەك ئەوەیشی کە دەیزانین نیشانەی سوور هەڵگەڕان لە ئەنجامی شەرمەوەیە، یەکێك لەوکاتانەشی کە ئەم نیشانەیە دەردەکەوێ لەبەردەم ئەوکەسەیە کە هەستێکت بۆی دەبێت بۆیە لێدا کولونێڵ لەو ساتەدا بیرێکی وای هەبووە. وەرگێڕ.

* * *

بــوراو دوای کۆتایهێنــان بەم هــات و چــۆیە بەدوای ڕاســتی دۆســیەکەدا دەگەڕا، دڵنیــابو لەوەی کە گــوێی لێبــووە تائێســتا، سـیر گریفـاس گومـانی لەئامـانەتی کولونێـڵ بـری هەبـووە، و پێــی وابــووە هەوڵــی داوە بەرهەم هێنــانی پــێ بکــات لەوکـارگەی کە لێـی بـووە، و سـێر گریفـاس پـارەی تەواوەتـی تێیـدا دانـاوە، دیـارە هەر ئەم هۆکـارە بـووە بـوەتە هـۆی بانگکردنی بوراو.

دواتـر پەیوەنـدییەك لەنێـوان ڕۆز و بـۆرۆ دا هەیە، دیـارە ئەم دووانە کاتێــك زانیویــانە ئەگەر هاوســەرگیری لەگەڵ هۆگــۆ ترنـت ڕەت بکـاتەوە بێبەری دەکـات لە میـراتیەکەی بڕیاریـان داوە بیکوژن.

کاتێـك بـوراو لەگەڵ خـاتوو کـارڵ کۆبـویەوە بینـی خـانمێکی زیــرەکە، زانــی کەوا هــاوڕێی تــرنتە، و لەڕێگــان تــابن بە دەزگیرانـدار، بیگومـان لەسـەر داوای ترنـت هـاتووە بـۆئەوەی پیـاوە پیـرەکە قایـل بـکەن، کەسـیش بە پەیوەنـدییەکان نازانێـت، ئەشــزانێت پیــاوە پیــرەکە دەیەوێــت هۆگــۆ و ترنــت هاوســەرگیری بــکەن، بەڵام هۆگــۆ ئەوەی ناوێـت، لەهەمـان کاتیشــدا نایەوێــت تــوڕەی بکــات و لەمیــراتیەکە بــێ بەری بکات، بۆیە لەگەڵی دەدوێ تاوەکو ڕازی بێت.

هــاتووە بــۆ کۆشــك تــا ئاگاداربێــت لە نــزیکەوە، دوای ئەوەی بیستی کەوا کۆشك کەسانی شتێی لەخۆ گرتووە

و هەروەهــا بــاری دارایــان بزانێــت و هەڵوێســتی ڕۆزیــش، بــۆی ئاشــکرابوو ڕۆز هــیچ گرنگــی بە هۆگــۆ نــادات و هاوڕێیەکی دیکەی هەیە.

کاتێـك بـواریە لێـی پرسـی ئـاخۆ مەبەسـتی بەڕێـز بـۆرۆیە بەنەرێنـی وەڵامـی دایەوە و نـاوەکەی نەدرکانـد بە بـوراوی وت:

_ باشــترە خــۆت لێــی بپرســیت. زانــیم هۆگــۆ هیچــی بۆنەماوەتەو، هۆگۆ لەپارێزەکە زانیبوی.

ڕۆز بە دوو پیــاوەکەی وت و دانــی پیادانــا کە هــیچ شــتێك دەربــارەی خۆکوشــتنی بــاوکی نازانێــت و نەڕۆشــتووە بــۆ کتێبخــانەکە، تەنهــا دوای نیــوەڕۆ لەکــاتی چــا خــواردنەوە بینیوتی و ئیتر نەیبینیوەتەوە.

دانــی بەوەش دانــا کەوا گــوێی لە نــاکۆکی نێــوان بــاوکی و کولونێــڵ بــری بــووە لەســەر کــارگەکە، پێــی وایە دزی لێکــردووە و یــاری بە پارەکــانی کــردووە، بەڵام هۆکــارەکەی بۆخــۆی دەگەڕێــتەوە چــونکە هــیچ دەربــارەی بــازاڕی دارایــی نازانێت.

کاتێــك پێــی وت پیرەپیــاوەکە لە نیەتــی دابــووە وەســێتەکە بگۆڕێت، ترسا و سەرسامبوو، وتی:

_ ئەگەر وایکردبــایە منــیش دەچــووم بــۆلای دادەوەر چــونکە لە مــافی کەســێکدا نیــیە کەســێکی دیــکە ناچاربکــات بە هاوسەرگیری.

لەکۆتیدا بوراو لێی پرسی:

_ هیچــت دەربــارەی وەســێتە نــوێکە دەزانــی، ئەگەر پیــرە پیــاوەکە بژیــایە و واژۆی بکــردایە، و تــۆش هاوســەرگیریت لەگەڵ هۆگۆ ترنت بکەی؟

کچەکە بە هاوارکردنەوە سەری ڕاوەشاند، و وتی:

_ کەمێك چاوەڕێکە.

خێــرا ڕۆشــتە دەرەوە و کــاپتن لیــك ی لەگەڵ خــۆی هێنــا، و وتی:

_ زووبێــت یــان درەنــگ ئەبێــت هەمــووان بیــزانن، هــیچ ڕێگــریەك نــابینم کە پێــت نەڵــێم، ســێ هەفــتە پــێش ئێســتا لە لەندەن لەگەڵ کاپتن لیك هاوسەرگیریم کرد.

دواتــر ڕۆز دانــی پێــدانا کەبە دایکــی وتــووە، بەلایەنــی باوکیشــیەوە چــاوەڕێی هەلێکــی گونجــاوی کــردووە تــاوەکو پێــی بڵێت و قایلی بکات. پێشی وابووە سەرکەوتودەبێت.

کاتێــك بــوراو لێــی پرســی ئــاخۆ بە نهێنــیەکەی زانیبــێ، بەنەرێنی وەڵامی دایەوە و وتیشی کەوا کەس پێی نەزانیوە.

کاتێــــك ڕۆز و هاوســــەرەکەی وەدەرکەوتــــن لە ژوورەکە کولونێل ڕیدڵ وتی:

_ چ دۆسـییەکەی ئــاڵۆزە، خــۆ کەس بە کەس نیـیە، هــاوڕێکەم ئەگەر تاوانێـك هەبێـت ئەبـێ تـۆ ئاشـکرای بـکەی و بەڵــگەی بۆ بێنیت، بەڵام من پێم وایە کەوا خۆکوژییە.

*        *        *

بەیانی ڕۆژی دواتر بووراو لەنێو دار و گوڵە جیاواز و ڕەنگاو ڕەنگەکانی باخچەکە پیاسەی دەکرد، هەتا گەشتە ئەو گوڵەی کە لەبەردەم پەنجەرەی ژوورەکەی سێر گریفاس کەوتووە، هەروەك پێشبینی کردبوو شوێن پێی بینی. دەنگێکی بیست سەری هەڵبڕی، سوزان کاردۆڵ کچە زیرەکەکە بوو لەپەنجەرەکەی خۆیەوە لێی دەڕوانی.

دەنگی بەرزکردەوە و وتی:

_ بەم بەیانیە چیەکەی، هاتووی بەدوای شوێن پێدا بگەڕێی.

دوای سڵاوکردن وتی:

_ هەرئەوەیە کە وتت، وە ئێستا تۆ چاو لە پۆلیسێکی نهێنی دەکەی لەکاتی کارکردنیدا.

_ ئەبێ لەیادەوەرییەکانمدا بینوسمەوە، ڕووخسەتم پێدەی بێم بۆلات؟

_ بێگومان فەرموو؟

دوای کەمێك لە تەنیشتی بوو و لێی پرسی:

_ چی ئەکەی؟

_ لەشوێن پێیەکان دەکۆڵمەوە بڕوانە هەندێکی بەرەو پەنجەرەکەی سەردەکێشێ هەندێکیشی لەوێوە دێت.

_ هی کێیە؟

_ بێگومان هی ئافرەتە، پێڵاوێکی بن بەرزی بچوکی لەپێیە.

لەوەیە شوێن پێی خاتوون یان خاتوو ڕۆز یان خاتوو لینگارد بێت.

_ وتی پێی خاتوون زۆر بچوکە، خاتوو لینگاردیش پێڵاوی پان لەپێ دەکات.

_ کەوایە ئەبێت هی خاتوو ڕۆز بێت.

ڕۆشتووە بۆ کتێبخانەکە، و،پەردەکانی داداوە تاوەکو ڕوناکی بچنە ژوورەوە، ژوورەکەش هەر بەوشێوەیە بوو کە جێ هێڵراوە.

وەستا و بیری لێکردەوە، دواتر وتی:

_ دیارە تۆ هیچ دەربارەی دزەکان نازانی، هاوڕێیەکم هەیە دەربارەی پەنجەرەی فەڕەنسی فێڵێکی پێیوتم کە ئەویش ئەوەی دەتوانی لە دەرەوە دایبخەی هەروەک ناوەوە.

بواریە زانیارەییەکانی تاقی دەکردەوە، خاتوو کاردڵیش چاودێری دەکرد، بینی کەوا چۆن دەتوانێ لەناوە بیکەیتەوە و بچیتە ناو باخچەکە، دواتر چۆن لەدەرەوەش دایبخەی- بۆسەر باخچەکە- بەجۆرێك مرۆڤ وابزانی لەناوەوە داخراوە.

بە مانایەکی دیکە ئەستەمە وەژووربکەوی کاتێك پەنجەرەکە داخراوە و دەرگاکەش بەو شێوەیە، بەڵام ئاسانە بۆ کەسێك کەلە ناوەوەی ژوورەکەیە لە پەنجەرەکەوە وەدەرکەوێ و دواتر لەدەرەوە دایبخاتەوە بەبێ ئەوەی پۆلیس درك بەفێڵەکەی بکات.

سوزان سەرسامبوو:

_ کەوایە دوێنێ شەو ئەمە ڕوویداوە؟

_ بەڵێ، پێم وابێت خاتوون......

دوای ئەوەی بـــوراو گەڕایەوە بۆ هـــۆڵەکە لە خـــاتوو ڕۆزی پرســی ئــاخۆ ڕۆشـتۆتە بـاخچەکە، بە ئەرێنــی وەڵامــی دایەوە و وتـــی کەوا دووجـــار وایکـــردووە، جارێـــك بـــۆ هێنـــانی گـــوڵ جـــارێکیش بـــۆ هێنـــانی گوڵێـــك تـــاوەکو لەگەڵ جلەکەیـــدا بگونجێت.

لەو دەمەی پـێکەوە قسـەیان دەکـرد خـاتوو لینگـارد لە نهـۆمی دوومەوە بەدەرکەوت، کە ئەوانی بینی سەرسامبوو، وتی:

_ هیچ بووە؟

ڕۆز: مسـیۆ بـوراو بەدڵنیـایەوە شـێت بـووە و پرسـیاری نـامۆم لێدەکا.

بەڕێگای خۆی ڕۆشت.

دواتــر بەڕێــز بــوراو داوای لە خــاتوو لینگــارد کــرد هەمــووان ئاگاداربکــاتەوە دوای نــانی بەیــانی لە کتێبخــانەکەبن دەیەوێــت لەسەر ڕووداوەکەی دوێنێ قسەیان لەگەڵ بکات.

ســـکرتێرەکە ئەوەی وا پێـــی وتـــرا کـــردی، بـــانگی هەمـــوانی کـــرد دوای نـــانی بەیـــانی لەوێ بـــن لەســـەر داوای بەڕێـــز بـوراو، و گـوێی لێبگـرن کەوا چیـدەڵێت لەسـەر مردنـی بەڕێـز سێر گریفاس و چۆن بووە و چۆن کراوە.

لەکـــاتی دیـــارکراودا هەمـــووان لەوێ بـــوون تەنـــانەت خـــاتوو گـــۆریش، بە لارە لاردەهـــات نیشـــانەی مانـــدوێتی و نیگەرانـــی پێوە دیاربوو.

لە ئـــاوێنەکەی ڕوانـــی و بەپەلە چـــاوی لەســـەر هەڵگـــرت و وتـــی: گریفـــاس هێشـــتا لێـــرەیە، بەڵام کەمێکـــی دیـــکە ئازادئەبێت.

بوراو دەستی بە قسەکردن کرد:

_ بـانگم کـردوون تـا ڕاسـتی ڕووداوەکەی کتێبخـانەکە تـان پـێ بڵێم.

ڕۆز: دیــارە ئەبێــت لەوە بگەیــن کە گەشــتویتە نهێنــی مردنــی باوکم؟

_ بەڵـــێ، بەڵام بەڕێگـــایەکی سروشـــتی وەك هەمـــووان بیـــری لێدەکەنەوە وانیە بەڵکو کوژراوە.

هەمـــــووان بەیەك دەنـــــگ هاواریـــــان کـــــرد: کوشـــــتن..... ئەستەمە.....

هۆگـۆ ترنـت هەسـتایە سـەرپێ و وتـی: کـاتێ چـوینە ژوورەوە پـێکەوە ژوورەکە لە نـاوەوە داخرابـوو و بەتـاڵبوو ئیتـر چـۆن کەسـێك دەتوانێـت بـڕواتە ژوورەوە، بکـوژەکە کێـیە و چـۆن وەدەرکەوتووە؟

_ لەگەڵ هەمـــــــوو ئەوانەدا کـــــــوژراوە، و بکـــــــوژەکە لەپەنـــجەرەکەوە هەڵهـــاتووە، لەبەرئەوەی لەژوورەکەدا بـــووە کـــاتیکیش وەدەرکەوتـــووە بـــۆ ناوبـــاخچەکە توانیـــوێتی لەنـــاوەوە دایبخات ، تا هەمووان وابزانن داخراوە لە ناوەوە.

بـــواریە تـــاوانەکەی ڕوونـــدەکرەوە، کەوا چـــۆن کەســـێك لە ژوورەوە بووە و سێر گریفاسی کوشتووە.

بکـوژەکە دەرگـاکەی لەنـاوەوە داخسـتووە و دواتـر جێگـۆڕکێی بە شوێنی مردووەکە کردووە،

دواتــر لە پەنــجەرەکەوە دزەی کــردووە بــۆ نێــو بــاخچەکە و دواتر پەنجەرەکەی داخستووە لەدەرەوە.

بورایە بۆساتێك پەنای بردە بەر بێدەنگی.

پاش کەمێك وتی:

_ لەو سـاتەدا شـوێن پـێ لە بـاخچەکەدا مـاوەتەوە تـاکە کەسـیش کە لەوێ بووە خاتوو ڕۆز بووە.

کــچە بەدەنگێکـــی بەرز هـــاواری کـــرد، وتـــی: درۆیە.... هەرچیت وت درۆیە..

_ بەڵگەکان زۆرن لەسەرت، دەچیتە بەردەم دادگا.

دەنگێك لەنێو ئامادەبوان بەرزبویەوە:

_ ناچێتە بەدەم دادگا.

هەمـــــووان تێکـــــڕا ئاوڕیـــــان دایەوە بەرەو ئەو شـــــوێنەی دەنـگەکەی لـێ بەرزبـویەوە، بینیـان خـاتوو لینگـاردە، هەسـتایە سەر پێ و بەرەو ڕووی بوراو هات و لەبەردەمی وەستا:

_ مـــن کوشـــتم و هۆکـــاری خۆشـــم هەیە، وەدوی کەوتـــم تـــا کتێبخــــانەکە و دەمــــانچەکەم لە چەکــــمەجەی کتێبخــــانەکە دەرهێنـــا، دوای کـــاتژمێر هەشـــت تەقەم لێکـــرد، دواتـــر دەرگـاکەم داخسـت و جـێگەکەیم ڕێکخسـت؛ ئـاوێنەکەم شـکاند و دواتـــر وشـــەی (( بەداخەوەم)) ، لەســـەر کـــاغەزەکەی بەردەمــــی نووســــی، لە پەنــــجەرەکەوە وەدەرکەوتــــم و و لەدەرەوە دامخست هەروەك بەڕێز بوراو وتی.

❋——————❋

_ ئەزانی بۆچی وامکرد؟

_ بێگومـــان ئەزانـــم، تـــۆ دایکـــی ڕۆزیـــت و هەوڵتـــنەدا خـــۆتی پـــێ بناســـێنیت؛ هەرئەوەی لەدوورەوە بیبینیـــت بـــۆت بەســـبووە، و وەکـــو نوســـەرێك لەلای ســـێر گریفـــاس کـــاربکەی، ئەشـــتزانی کـــاپتن لیکـــی خۆشـــەوێت و بەنیـــازن بەمـــزووانە هاوســـەرگیری بـــکەن، لەپێنـــاو گرەنتـــی کردنـــی خۆشـــی و ئـــارامی بـــۆ کـــچەکەت بڕیارتدا بیکوژی.

_ تکایە باکەس نەزانێت کە کچمە؟

_ بێگومان کەس لەمنەوە نازانێت.

_ بەڵام پەشـــــیمان نـــــیم؛ نەخۆشـــــی دڵـــــم هەیە و تەمەنـــــم درێژەناکێشێ.

کۆتایـــــــی

# پێدانی پێشەکی
# لە بەرهەمی نوسەری بەناوبانگی ئەمریکی
# هنری گیــڵد

بەڕێــز دیــك دانتــۆن، لەژیانیــدا هەرگیــز بیــری لەکارەکــانی ڕابــردووی نەکــردۆتەوە کە کردوویەتــی، یــان هەســتی بەتــاوان نەکــردووە لە هەمــبەر کارەکــانی؛ تەنــانەت هــیچ نیشــانەیەکی پەشیمانی دەرنەبڕیەوە.

پێـــی وابـــوو هەســـتێکی لەوجـــۆرە بۆکەســـێکی وەك ئەم بەتـــاییەت لە وەهـــا کارێکـــدا مانـــای شکســـتیە، و بەرەو لەنــاوچوونی دەبــات، بــۆیە دەبــوایە هاوســەنگی بپارێزێــت، و خــۆی کۆبکــاتەوە، تــا بۆهەمیشــە و هەتــایە کەســێکی ڕاستگۆبێت لەکارەکەیدا وەك بکوژێکی شارەزا.

هــیچ کاتێــك پەنــای نەبــردووە بەر نوسـینی یـادەوەری هەمـوو ووردەکـــاری و لایەنە ئاڵۆزەکـــانی ژیـــانی لە زەهـــنە سەرنجڕاکێشـــەکەیدابوو، تەنـــانەت ئەو ڕۆژانەشـــی کەپیایـــدا تێپەڕیوە وتاوانەکانی تیا ئەنجام داوە نەینوسیوە.

ئەوەنـــدە بەس بـــوو کە یەکەم پیتـــی نـــاوی کڕیارەکـــانی لە دەفتەرێکـــی بچـــوکی ڕەش بنوســـێت، وە بەشـــێوەیەکی زنجیـرەی ئامـاژەی پێبکـات، دواتـر ئامـاژەی پێـدەکرد کـارەکە تەواوبوو.

واڕاهاتبوو لە شوقەکەیدا و لە چەکمەچەی مێزەکەیدا دەفتەرە ڕەشەکەی لەگەڵ سندوقێکی پارەدابنێ، لەنێویشیدا دەمانچە بێدەنگەکەی، کە بە دووگمەیەکی کارەبایی نهێنی دەتوانرا بشاردرێتەوە لە چاوی مرۆڤ.

دیك بۆئەوەی کارەکەی بشارێتەوە لە بۆرصەدا کاری دەکرد، لەو پارەی لە میوانەکان پەیدای دەکرد لەوێ بەکاری دەهێنا.

سیستەمێک وردی لە هەژمارەکەیدا پەیڕەو دەکرد، سەرکەوتنەکانی وەیاد هێنابوو، بەبێ دۆڕان، و هەوڵیدەدا بەڕێکی باجەکانی بدات نەوەك نهێنیەکەی ئاشکرابێت.

بەڵام کاتێك تەنها ئەبویەوە لە جیهانە پڕ تاوانەکەی زیاتر چێژی دەبینی وەك لەوکاتانەی لە بۆرصەدایە، بەدڵنیاییەوە ناوبانگە تاوانکارییەکەی پێ باشترە وەك هەر ناوبانگێکی دیکە.

* * *

لەڕاستیدا دیك بەناوبانگترین بکوژبوو لەکەنارەکانی ڕۆژئاوا.

لەبەر نرخە زۆرەکەی والێکردبوو ببێتە مەبەستی هەموو خاوەن کارە گەورەکان.

هەر لەبەرئەوەش ڕێژەیەکی دیاریکراو نەبوایە وەری نەدەگرت.

شـــانازی دەكـــرد بەو ناوبـــانگەی كە هەیبـــوو، كەســـێكی ڕاستگۆبوو لە كارەكەیدا و بەوردی كارەكانی دەكرد.

لەخـوی ئاسایشـی نیشـتیمانیە كاتێـك تاوانێـك لە پایتەخـت كە ناسـراوە بە فریشـتە ( لـۆس ئەنجلـۆس)، ڕوویـدەدا یەكەم جـار دەڕۆن بـۆ ڕۆژهەڵات و بـاكوور و باشـوور كەكەسـانی ناوەنـد و كرێكـار و هاتنەژوورەكـان و خـاوەن تـاوانی پێشـووی تێـدایە، و نـاوچە ڕۆژئاواییەكـانیش بێـبەری نـاكەن كە هەنـدێك جـار دەوڵەمەنـدە و خـاوەن سـەروەتی گەورەی تیـا نیشتەجێیە.

ئەم شـێوازە گەڕانەی تـاوان بەتەواوی خزمەتـی دیـك دانتـۆن ی دەكـرد، لەبەشـە قەدەغەكراوەكـانی شـار لەبەشـی ڕۆژئـاوا نزیـك نـاوچەی بیفرڵـی هیڵـز شـوقەیەكی جـوانی بەكـرێ گرتبـوو، هەم وەك نوسـینگە هەم شـوێنی خەوتـن بەكـاری دەهێنـا، لەوێ كـاری بۆرصـەی دەكـرد، وەچـاودێری نرخەكانیی دەكرد.

هەر لەهەمـان شـوقەدا چـاوی بە موشـتەرییەكانی دەكەوت... خۆی وای پێیان دەگوت.

* * *

یەكێـك لە موشـتەرییەكان لە لایەكـی مێـزەكە دانیشـتبوو، ڕووكـاری ئامـاژەی بەوە دەكـرد لە كەسـە سـەركەوتوەكان، دیـك وای هەسـتدەكرد یـان باشـتر بڵێـین هیـوای دەخواسـت كە نزیكیەك لە نێوان ئارەزووەكانیاندا هەبێت.

میــوانەکە بەدڵنیــاییەوە لە کڕیــارانی هەمــان ئەو بەرگــدوورە بەناوبانگەیە کە دیك سەردانی دەکات.

پیــاوەکە نــاوی ڕۆجەر کۆڵــۆتن بــوو، پیــاوێکی ڕەنــگ زەردبـوو، نیگەرانـی لەسـەر ڕووخساری بەئاشـکرا دیـاربوو، بەڵام دیــك بەپــێچەوانەوە لەســەر خۆبــوو. بەبــێ ئەوەی هەوڵبـدات وشـەیەك یـان پرسـیارێك بکـات تـا کەشـی ژوورەکە بگۆڕێت چاوی بڕیبوە چاوی میوانەکەی و هیچی نەدەوت.

کۆڵـۆتن هەوڵیـدەدا خـۆی کـۆنترۆڵ بکـات، سـەرەڕای ئەوەی جگەرەیەکــی پێکــرد تــا نیگەرانــیەکەی بشــاریتەوە بەڵام خراپتربوو پەنچەکانی بەگوێیان نەدەکرد .... دەلەرزی.

پیـاوەکە هەوڵیـدا جـگەرەیەك پێشـکەش بە دیـك بکـات، بەڵام دیك داوای لێبوردنی لێکرد و سوپاسی کرد.

دیـك هیچـی نەدەوت، جێـی هێشـت نـوقمی خـۆی بێـت بـۆ چەنـد خولەکێك..... دواتر پرسی: کێ پێی وتی؟

کۆڵــۆتن زەردەخەنەیەکــی کــرد و ســەری ڕاوەشــاند: ئەو پیاوەی زەنگی بۆکردیت و ئەم کۆبونەوەی ڕێکخست.

_ واز لەم بگــرە و بەردەیە بێــنە، کــێ وتــی پەیوەنــدیم پێوەبکەی؟

_ لێم ببورە بەڕێز دانتۆن، مەبەستم نەبوو تورەت بکەم.

دیـك قسـەکانی بـڕی و وتـی: تـوڕەنیم، بەڵام بـا گـوێم لەوەڵامـی پرسیارەکەم بێت.

_ بـۆچی ئەوەنـدە گـرنگە بەلاتەوە؟ مـن پێویسـتم بە خـزمەتێکە کە بۆم بکەی و ئامادەم لە بەرامبەریدا هەر

نرخێك داوایبکەی بیدەم.

تـــووڕەیی بە ڕووخســـاری دیـــکەوە دیـــاربوو، وتـــی: بـــا بە ڕاســـتگۆیی قســـەبکەین، ســـەرەتا بـــزانە کەس فرمـــان بەســـەر منـــــدا ناکـــــات، و دۆســــییەکانیش بەمەرج وەردەگـــــرم ئەگەر ئاســـاییە بەلاتەوە بەڵام ئەگەر وانـــیە بـــاهەر ئێســـتا کۆبـــونەوەکە کۆتایی پێبێت.

کۆڵـــۆتن وەك پێویســـتیەك دەســـتی بەرزکـــردەوە و وتـــی: ڕازیـــم بەمەرجەکانـــت بیســـتوومە ئەتـــوانی دۆســـییەکەم بـــۆ یەکـــلای بکەیـــتەوە، ئەو کەسەشـــی نـــاوی تـــۆی پێـــدام نـــاوی تـــۆنی یە لە قاوەخانەکە کارەکات.

_ تەنها ئەو ناوەی پێدای؟

_ پێی وتم بڵێم تۆنی زیرۆ منی ناردووە بۆلات.

_ کەواتە بـــا باســـی دۆســـییەکە بکەیـــن بەڕێـــز کۆڵـــۆتن،داوای چیم لێکەی؟

_ ئەمەوێ ژنەکەم بکوژی.

_ بۆچی؟

_ پێویســـتە هۆکـــارەکەی بڵـــێم؟ ئامـــاددەم هەر ئێســـتا پێـــنج هەزار دۆلارت پێبدەم.

_ ئەبـــــێ وەڵامـــــی پرســـــیارەکەم بـــــدەیتەوە، ئەگینـــــا کۆبونەوەکەمان کۆتایی پێدێ.

_ چیتـــر نـــاتوانم بکشـــێمەوە، وئەبـــێ بەردەوام بـــم. بـــۆیە ڕازیـــم بەهەموو شتێك.

❀―――――――――――――――――――❀

لە سایەی سەری ژنەکەم دەژیم، ساڵێك لەمن گەورەترە و زۆر دەوڵەمەندە.

دیك قسەکانی بڕی و وتی: هۆکارە ڕاستەقینەکە بڵێ بەڕێز کۆڵۆتن.

* * *

کۆڵۆتن سوور هەڵگەڕا.

هەناسەیەکی قووڵی لە جگەرەکەی کێشا....

_ ڕاستیت پێ ئەڵێم، ناتوانم تا کۆتایی تەمەنم لەژێر سێبەری ژنەکەم بژیم، ئەمەوێ ئازادبم و هەوای خۆمم هەبێ، دوای مردنیشی سەروەتەکەی بۆمن ئەبێ.

_کەواتە ئەوە هۆکارەکەیە، تەنها پارە واتلێکات بیکوژی؟

کۆڵۆتن دەنگی هەڵبڕی و وتی: ئافرەتێکی منداڵتر و جوانتر لەژنەکەم بوونی هەیە هۆگری بووم و ناتوانم بێ ئەو بژیم، ژنەکەشم کەسێکی دڵپیسە گومانم لەوە نییە درکی پێکردووە و ئەیەوێت لەیەکمان بکات.

دیك جارێکی دیکە قسەکانێ بڕی: کەواتە تۆ ئەتەوێ پارەکانی ژنەکەت بەدەست بێنیت لەپێناو کەسێکی دیکە.

_ بەڵێ، ئەوە ڕاستیەکەیە. لەڕاستیدا چەند هۆکارێکی دیکە هەیە بەڵام ئەوەیان لەسەروترە.

_ ئەوەندەی بیستم بەسە، ئامادەم قبوڵی بکەم.

_ زۆرباشە، ئەبێ دوای کاتژمێر حەوت دەست پێبکەی.

_ بۆچی شەو؟

_ بۆنا، باشتر خێراتر تەواوببێ.

دیـــك دەســـتی نـــا بە دووگـــمە کارەبـــاییەکە و چەکـــمەجەکە کـــرایەوە، دەفـــتەرە ڕەشـــەکە دەرهێنـــا و لە کۆتـــا ژمارەکـــانی دەڕوانـــی، وتـــی: پـــێش کـــاتژمێر حەوت وادەم هەیە، ئەبـــێ کاتژمێر شەش تەواوی بکەم.

نێـو چـاوی کۆڵـۆتن ئـاڕەقەی دەکـردەوە، وتـی: گەشـتم بـۆ سـانت دیـاگۆ لە کـاتژمێر حەوت ڕێکخسـتووە بـۆیە دەبـێ ئەمشەو تەواوببێ.

_ ئەبێ دوایبخەی.

_ ناکرێـت، کـارێکی لەو شـێوەیە ئەمخـاتە گومـانەوە، لەکـاتی تاوانەکە دوورەبم و گومانم لەسەر نامێنێ.

_ دیـارە هەمـوو کـارێکیش دەکەی تـا سەرنشـیەکان و خەڵکـی سانت دیاگۆ بتناسن.

_ بەڵێ، هەر لەبەرئەوەش کاتژمێر حەوت ئەبێ تەواوببێ.

کۆڵـــۆتن بڕێـــك پـــارەی لە گیرفـــانی دەرهێنـــا و دای بە دیـــك، وتـــی: ئەوە بـــڕە پـــارەکەیە، پێـــنج هەزار دۆلار، بۆتـــۆیە ئەگەر بەڕێکی کارەکە بکەی.

دیـــك پارەکـــانی بـــرد و وتـــی: بەڕێـــکەوت کـــاری پێشتریشـــم لەهەمـــان شـــەقامە، هەوڵـــدەدەم لەجـــێگەی ڕەزامەنـــدیت بـــم و ئەوە بکەم کە ڕێککەوتوین لەسەری.

_ سوپاس بەڕێز دانتۆن، هیچی ترت ناوێ؟

_ ساتێك....

دیك چەند پیتێكی لە دەفتەرەكەیدا نووسی، و وتی: نیگەران مەبە ناوی كەس نانووسم، تەنها ژمارە و چەند پیتێك نەبێت.

دواتر دەفتەرەكەی داخست و كاغەزێكی بچووكی بە كۆلۆتن دا، لێی دەڕوانی: ئەمە چییە؟

_ تۆ ئێستا ژمارە ۱۲۳ یت، ئەگەر هەر شتێك هاتە پێش یان ویستت دوایبخەی یان زەنگم بۆلێبدەی پێویست ناكات ناو و ناسنامەی خۆتم پێ بڵێی تەنها ئەو ژمارە و پیتەكانم پێ بڵێ خۆم دەزانم.

_ پێویست ناكا چیتر نامەت بۆبنێرم، كاتژمێر شەش ژنەكەم بەجێ دەهێڵم و كاتژمێر حەوت لە فڕۆكەبم.

_ پێویست بەنیگەرانی ناكات، هەركە كاری كاتژمێر شەشم تەواوكرد كاتژمێر حەوتیش تەواودەكەم.

كۆڵۆتن بە ئەرێنی سەری لەقاند، دیك بەبێ ئەوەی یەك وشە بڵێت لە كۆڵۆتنی دەڕوانی كە چلۆن بەخێرایی لە شوقەكە وەدەرەكەوێت، كاتێ لەبەرچاو ونبوو پێكەنی.

دوای داخستنی دەرگاكەی لە دەفتەرەكەی ڕوانی و لە چەكمەچەكەی دانایەوە.

* * *

دیـــــك دانتـــــۆن دوو كـــــاتژمێری تەواوی بە خوێنـــــدنەوەی چیرۆكـــی پۆلیســـی بەســـەربرد، كتێـــبەكەی لە تەنیشـــتی دانـــا و بینی وا كاتژمێر دەبێتە پێنج و نیو.

دیـــك دوای تێپەڕینـــــی چەنـــــدین بەربەســـــت و كۆســـــپ و ئەزمـــوون گەشـــتۆتە ئەم ئاســـتەی ئێســـتای، دیـــك بەڕوونـــی دەزانێ تاوانبارە بچوكەكان ئەنجامیان پشتی شیشی زیندانە.

بـۆیە نایەوێـت پەیوەنـدی یـان ئاشـنایی لەگەڵ هـیچ تاوانبـارێكی دیـكەدا هەبـێ. خـۆی لە تاوانبـارە گەورەكـانە و پشـت بەهـیچ كەسێك نابەستێت كە ئاماژە بۆخۆی یان بۆكەسایەتی بكات.

هەتـــا دڵنیـــا نەبێـــتەوە لە دۆســـێیەك هەرگیـــز قبـــوڵی ناكـــات، هەروەك چـــــۆن هەوڵـــــی دەدا لەژێـــــر پەردەی بۆرصـــــەدا كەســـێكی چـــالاك بێـــت ئـــاواش لە جیهـــانیە تاوانكـــارییەكەی هەوڵـــی دەدا چـــالاك بێـــت و ئـــارەزووە تاوانكارییەكـــانی پـــڕ بكاتەوە.

ووردە ووردە وا كـــات لە شـــەش نزیـــك دەبێـــتەوە، جـــۆڵەیەكی دایە بەرخـــــۆی و دەمـــــانچە بێـــــدەنگەكەی و دەفـــــتەرەكەی لە چەكـــمەجەكە دەرهێنـــایەوە، ژمـــارە ١٢٢ و ١٢٣ ی خـــوێنەوە، ئاســـان ئەبـــێ بـــۆی هەردوو قوربـــانیەكە لەهەمـــان شـــەقامن و كـــاتژمێر شـــەش و حەوت وادەیەتـــی پێویســـت ناكـــات ئەمـــبەرو ئەوبەری شار بكات.

دوای ئەوەی زانیـــــاری هەردوو قوربانیەكـــــانی خوێنـــــدەوە ســـەری ڕاوەشـــاند و دەفـــتەرەكەی لە چەكـــمەجەكە نـــایەوە، و لە شوقەكە وەدەرەكەوت.

❀———————————❀

ئەبێ ڕێك كاتژمێر شەشی ڕێك دەست بەكاری ژمارە ١٢٢ بكات.

لە خویدابوو دەقاو دەق كارەكانی لەكاتی خۆیدا بكات.

* * *

ڕۆجەر كۆڵۆتن لەلای خۆیەوە خۆی ئامادەكرد و ناو بەناو لەكاتژمێرەكەی دەڕوانی.. ئاخۆ كاتی هاتووە.

تامەزرۆبوو ماڵەكە بەجێبهێڵێت و بەرەو فڕۆكەخانە هەنگاوبنێ، بۆلای مونای خۆشەویستی كە لە سانت دیاگۆ چاوەڕوانیەتی.

كاتێك لە كۆكردنەوەی جانتاكەی بوویەوە لەژوورەكەی وەدەركەوت و بەرەو هۆڵەكە ڕۆشت، ئیلین ی ژنی لەسەر یەكێك لە كورسییەكان دانیشتبوو، نیشانەی تووڕەیی بەڕووخسارییەوە دەرەكەوت.... هەر دیاربوو ناڕازییە لەسەر گەشتەكە.

ئافرەتێكی چل ساڵ بوو هێشتا خاوەنی جوانیبوو.

ڕۆجەر لەتەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ كردووە و ئەوە بۆ دە ساڵە هاوسەری یەكن، ئەوكاتەی ڕۆجەر هاوسەرگیری لەگەڵ كردبوو خاوەنی یەك سەنت چییە نەبوو، كاتێك زانی لەو ژنانە نییە كە بەرهەم هێنان بە پارەكانی بكات بیرۆكەی لەناوبردنی بۆهات.

بەڵام ژنەکەی خۆشـــی دەویســـت بـــۆیە هاوســـەرگیری لەگەڵ کـــرد، بەڵام ڕۆجەر بۆپـــارە خۆشـــی دەویســـت، هەر لێرەشـــدا نـــاکۆکی لە نێوانیانـــدا دروســـت بـــوو، ئیلـــین ڕۆجەری ـەویســـت و ڕۆجەریـــش پارەکـــانی ئیلـــین، دەیزانـــی پارەکـــانی لە کچـــانی ناو باڕەکان سەرفدەکات.

ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم هاوســـــــەرگیرییە بەلای ڕۆجەرەوە تەنهـــــــا ناوێـــــك بـــــوو، بەڵام ژنەکەی ڕازی بـــــوو بەو بـــــارودۆخە، خۆشـــی دەویســـت، بەڵام ڕۆجەر ئیلـــین ی نەدەویســـت، دڵـــی لاینەبـــوو، هەر لەبەر ئەوەش کەشـــی مـــاڵەکە مانـــدوو وەڕز دەرەکەوت، پرســـیاری لە هەمـــوو جـــوڵە و ئەو کەسانەشـــی لەگەڵی دەڕۆنە دەرەوە دەکرد.

لەبەردەم ئەم بـــــارودۆخە تەنهـــــا یەك چارەســـــەر هەبوو، جیابوونەوە، بەڵام ئیلین چلۆن بە جیابوونەوە ڕازی دەبێت.

چلـــۆن ڕازی دەبێـــت ببینێـــت پیـــاوەکەی لەگەڵ ژنێکـــی دیـــکە هاوسەرگیری بکات؟

هەوەها ڕۆجەریش بیری لەجیابونەوە نەدەکردوە.

چلـــۆن لێـــی جیـــاببێتەوە لەکاتێکـــدا قروشـــێکی نیـــیە، و لەســـەر پارەی ئیلین دەژی؟

لەڕاســـــتیدا ئیلـــــین هـــــیچ کاتێـــــك لەهەمـــــبەر ڕۆجەر دەســـگیرنەبووە، بەڵکـــو کۆمپانیـــایەکی دڵینـــایی بـــۆ دامەزرانـــدوو هەر بەڕاستیش گەشەی سەندوو سەرکەوتووبوو.

ڕۆجەر ئەو پـــارانەی لە هەژمـــاری بـــانکی ئیلـــین دەریـــدەهێنا، هەرگیز ئیلیان لێی نەدەپرسیەوە،

تەنانەت نەشی دەوت کاتێك گەشتەکانی بۆلای مۆنای خۆشەویستی بەناوی کارەوە دەکرد.

بەڵام تاسەر نەبوو و گومانی بۆدروست بوو، و لێپرسینەوە دەستی پێکرد لەسەر ئەو پارانەی ڕایدەکێشا و بەهەدەری دەدا.

بەڵێنی بە مونا دابوو ژنەکەی مرد هاوسەرگیری لەگەڵا بکات.موناش پێی وتبوو چەندین ڕێگە هەن بۆ خێراکردنی مردنەکەی، دوای گەڕان پرسیارێکی زۆر زانی کۆمەڵەیەك هەن ئەگەر پارەیان پێبدەی کارەکەت بۆدەکەن.

پەیوەندی بە بەڕێز دیك کرد و ڕێککەوتن.

*   *   *

تۆنی زیرۆ گارسۆنی بارەکە ناوی بەڕێز دیکی پێدا، ئاگاداریشی کردەوە چەندین کەس هەن کارەکە بەنرخێکی کەمتر لە دیك دانتۆن دەکەن بەڵام ئەو پارێزراوترە و کارەکانی وەك میلی کاتژمێر دەکات.

بیری لەو قسانە دەکردەوە کاتێك ژنەکەی بانگی کرد و وتی: نازانم چی واتلێدەکا ئەوەندە گەشت بۆ سانت دیاگۆ بکەی، لێت ناشارمەوە باوەڕناکەم بەهۆی کارەوە بێت.

کۆنترۆڵی خۆی کرد و وتی: سبەی لەگەڵ چەند خاوەن کارێك وادەم هەیە، کۆبونەوەکان بەخێر و بەڵێن کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ کارگەکەمان.

ئیلـــین بزەیەکـــی کـــرد، و وتـــی: کارگەکەمـــان، ئەتەوێ بڵێـــی کارگەێ تۆ و پارەکانی من... وایە؟

_ تکـــایە بـــا نەگەڕێنـــیەوە ســـەر ئەوبـــابەتە بەردەوام باســـی دەکەیت و نایبڕیتەوە.

_ بۆنـــا؟ ســـاڵێك پـــێش ئێســـتا مـــانگی جارێـــك بە گەشـــت ئەڕۆشـــتی بـــۆ ســـانت دیـــاگۆ؛ بەڵام ئێســـتا چـــی؟ ئێســـتا هەفـــتەی جارێك دەڕۆی.

بە تونـــدییەوە لێـــی ڕوانـــی، و وتـــی: دوای گەڕانەوەم هەمـــوو شـــتێکت بـــۆ ڕوون دەکەمەوە، ئەبـــێ ئێســـتا بـــڕۆم، کـــاتژمێر شەشە.

جانتاکەی هەڵگرت و وتی: یەکتری دەبینینەوە ئازیزەکەم.

هیچی نەوت.

بە کەیفەوە بەرەو دەرگای هۆڵەکە ڕۆشت.

لەو ساتەدا زەنگی دەرگای دەرەوە لێدرا.

ئیلین لەشوێنی خۆی هەڵبەزی و وتی: من ئەیکەمەوە.

* * *

ڕۆجەر وەژوور ژوورەکەی تەنیشـــــــــت کەوت و خـــــــــۆی شاردبۆوە تابزانێ کێیە.

گـــوێی بـــۆ قســـەکانی زەنـــگ لێـــدەرەو ژنەکەی هەڵخســـتبوو، نەیەتوانی هیچ ببیستی،

بەڵام تۆقــا کاتێــك گــوێی لەدەنگــی ژنەکەی بــوو دەنگــی هەڵبــڕی و وتــی: فەرمــوو بەڕێــز دانتــۆن، مێــردەکەم لەژووری تەنیشتە.

ڕۆجەر گوێی لەدەنگی پێ بوو لە ژوورەکە نزیك دەبویەوە.

ڕەنگــی مــردووی لێنیشــت کاتێــك بینــی ژنەکەی وا نزیــك دەبێتەوە و دانتۆنیش وە دوی ژنەکەی کەوتووە.

هــاواری کــرد و وتــی: نەفرەتــت لێبێــت دانتــۆن، نەمــوت کــاتژمێر حەوت کــارەکە بــکە، قســەی چــی لەگەڵ ژنەکەم دەکەی گەمژەی نەفرەتی؟

دانتــۆن بە تــۆنێکی ترســناکەوە وتــی: ئەی نەمــوت کــاتژمێر شەش وادەم هەیە.

ئــاوڕی دایەوە و لە ئیلینــی ڕوانــی دواتــر لەڕۆجەر، دیــاربوو ئیلین نەیەزانی باسی چیدەکات.

ڕۆجەر دووبــارە هــاواری کــرد: نەفرەتــت لێبێــت دانتــۆن، بــڕۆ و کــاری کــاتژمێر شــەش تەواوبــکەو دواتــر بگەڕێــرەوە دەی بڕۆ دەرەوە نەفرەتی.

دیــك دانتــۆن لەســەرخۆ وتــی: کــاری کــاتژمێر شەشــم لەم ماڵەدایە.

لە ڕۆجەری دەڕوانی.

تــرس بەڕوونــی بە ڕوخســاری ڕۆجەرەوە دیــاربوو، خەریکبوو لەمانای قسەکەی تێئەگەشت.

دیــك دەمــانچە بێــدەنگەکەی لە گیرفــانی دەرهێنــا، لە خویــدایە چەند خولەکێك پێش کوشتنی قوربانیەکە بوەستێت،

تابزانێ کاردانەوەی چۆنە.

ئیلــــین: بەڕێـــز دانتـــۆن تـــۆ نەتـــوت ڕۆجەر ئەناســـم، بەڵام کەمێکی تر ئەتوانی ڕوونی بکەیتەوە.

_ دەی بیکوژە، ڕێککەوتنەکەی کاتژمێر دە جێبەجێ بکە.

دیـك دووبــارە لەســەرخۆ وتــی: بەڵــێ، خــاتوو کۆڵــۆتن ئەمەیە ڕێککەوتوین لەسەری.

دواتــر دیــك دەمــانچەکەی ئاڕاســتەکەی ســنگی کــرد و وتـــی: ببورە تۆ کەیسی ژمارە ١٢٢ یت بەڕێز ڕۆجەر کۆڵۆتن.

کۆڵــۆتن تــرس و تۆقــاوی بەرۆکــی گرتبــوو، هەوڵــی دا چەنــد هەنگاوێــك بێــتە پێشــەوە، و دەنگـــی بەرزبــوویەوە و وتـــی: بەڵام تۆپێیت وتم......

دیـــك وەك ئەوەی هەمـــوو شـــتێك باشـــبێت لەســـەرخۆ وتـــی: نیگەران مەبە، هەموو شتێك بەپێی پلان دەڕوا.

تەقاندی... یەك گوللە.

ڕۆجەر کەوت بە زەویدا و مرد.

* * *

بـۆنی دوکەڵەکە هێشـتا لە لـوتی دیـدا بەهێزبـوو کاتێـك ئـاوڕی دایەوە بەرەو لای خاتوو کۆڵۆتن.

سەرســـــامبوو بە ئـــــارمیەکەی و خـــــۆگرتنەکەی، و بینینـــــی مێــردەکەی وا لەبەرچاویــا دەکــوژرێ. بەبــێ ئەوەی بلەرزێــت یان پێی کاریگەربێت.

دەنگــی هەڵبــڕی وتــی: نەمەزانــی ڕۆجەر ئەناســی، هەوەهــا لەقسەکانی نێوانیشتان تێنەگەشتم.

_ دڵخۆشەبم بۆت ڕوونبکەمەوە.

وتــی: ئێســتا نــا، کــاتێکی دیــکە، ێســتا بــڕۆو کــاری دووەمــت بەخێرایی بکە.

_ بەدڵنیاییەوە واکەم.

ســەیریکرد دیــك هەر نــاجوڵێ تەنــانەت هەوڵــی ڕۆشــتنیش نــادات، وتــی: دەی بــڕۆ دەرەوە، تــا بتــوانم پــۆلیس بانــگ بــکەم، و هەنــدێك کەرەســتە بشــکێنم، لەگەڵ دڕانــدنی هەنــدێك وێــنە، تــا پــۆلیس وابزانێــت دز هەڵیکوتــاوەتە ســەرمان، ومێــردەکەم سەرســام بــووە و کوشــتویانە، منــیش نەمزانیــوە چیــیە و چــۆن بووە.

_ ســوودی نیــیە گــوێبگرە، تــا ڕوونــی بــکەمەوە بــۆت مانــای قسەکانی نێوان منو مێردەکەت چیبوو.

تووڕەبــوو وتــی: زۆر ســەیری هــا..، بەڵام قەیــدی نیــیە، فەرمــوو ڕوونــی بــکەرەوە، و دواتــر بەڕێــی خۆتــدا بــڕۆ بۆکارەکەی ترت.

_ هــیچ پێویســت بە پەلە پەل ناکــا، ئەوەش بــزانە تــۆ دۆســییەی ژمارە ١٢٣ یێت.

سەرســامبوو هــاواری کــرد و وتــی: ئەتەوێ بڵێــی ڕۆجەر بیری لە هەمان شت کردبۆوە کەمن کردومەوە؟

_ بەڵــێ، جیــاواز لەتــۆ پێشــەکی پــارەی پێــدام تــا کــاتژمێر حەوت بتکوژم.

قیژانــــدی: بەڵام خــــۆ ئێســــتا ئەوە پێویســــت نیــــیە، گــــوێبگرە کــــرێکەت زیــــاترەکەم ئەشــــتوانی ئەو پــــارەببەی کەڕۆجەر پێیدای. ئیتر چ پێویست ئەکا من بکوژی.

_ وادیـارە تـۆ هـیچ لە بـارودۆخی مـن نـاگەی، وائەزانـی لەبەر پـارە بەڵـێن ئەشـکێنم، سروشـتی مـن نیـیە ڕابـکەم لە بەڵێنێـك کە داومە.

بزەیەکــی شــاراوە لەســەر ڕووخســاری بەدەرکەوت، و وتــی: ئەتـوانم زیـاترت پێبـدەم دیـك....... پـارە، پەنـاگە، مـادام ئێسـتا ڕۆجەریش نییە ئەتوانم شتی تریشت پێبدەم.

_ ئەترسی بچکۆلەکەم.

بەرەو ڕووی ڕۆشــت، لەشــوێنی خــۆش وشــك ببــوو، گــوێی لێبـوو دەیـوت: ئەبـێ وابیـت، بەڵام درکـت بە شـتێك نەکـرد کە لە هەمـوو ئەو بەڵێنـانە گرنگتـرە کە وتـت، شـەرەفی کـار هەیە ئەبێ بیپارێزم، ئازیزەکەم.

دەمانچەکەی بەرزکردەوە و تەقاندی...

ژنەکـە بەرامـبەر تەرمـی مێـردەکەی کەوت، دیـك لەسـەر خـۆ بەرەو دەرگـــــاکە ڕۆشـــــت، ئـــــاوڕی دایەوە و لەهەردوو تەرمەکەی ئەڕوانی.

کــــاتێ ڕووی مێــــردەکەی بینــــی بە ترســــەوە لە ڕووخســــارە ئــــارامەکەی ژنەکەی دەڕوانــــی ســــەری ڕاوەشــــاند و دوای داخســــــــتنی دەرگــــــــاکە لە دوای خــــــــۆی وەدەرکەوت لەژوورەکەی.

" هەروەك میلی کاتژمێر کارەکات".

# چاوی فریشتە

## مۆریس لبلان

هـــۆتێلی هۆلانـــدیە بە یەکێـــك لە بەناوبـــانگترین هۆتێلەکـــانی ئەمستردام لە هۆڵەندا هەژماردەکرێ.

ئاشـــکرایە لەلایەن هاوڕێیـــانی لـــوپین کەوا لـــوپین لە هـــۆتێلە بەناوبانگەکـــان یـــان ئەوانەی لەســـەر زاری خەڵکـــن نـــامێنێتەوە ئەمەش لەبەرئەوەنیـــیە کە بەناوبـــانگە یـــان شـــتێك بەڵکـــو لەبەرئەوەیە کەوا لەبەرچاونەبێـــت و لەســـــەر زاری خەڵکـــی نەبێت.

چەرخـــی ڕۆژگـــار واســـوڕا کە ڕۆژێـــك لە هـــۆتێلی هۆلانـــدیە بمێنێـــتەوە لەژێـــر نـــاوی هـــۆراس فلیمـــۆن ئەو نـــاوەیە کە لەدەرەوەی پاریس بەکاری ئەهێنێت.

تۆمارنووســـەکەی هـــۆتێلەکە کەســـێکی ئاســـایی نەبـــوو حەزی لەو هەواڵ و بەیانـــانە بـــوو کەلە ڕۆژنەمەکـــان لەســـەر تـــاوان و تاوانبـــاران بـــڵاو دەکـــرێتەوە، هەرکە نـــاوەکەی خوێنـــدەوە ســـەری هەڵبـــڕی لەســـەر دەفـــتەرەکەی و وتـــی: تـــۆ ئارســـین لوپین نیت؟

لوپین هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: هەر ئەوەیە کە وتت.

نوســـەرەکە پێکەنـــی و وتـــی: باوەڕنـــاکەم ژوورێکمـــان هەبێـــت لەگەڵ خواستی تۆ بگونجێت.

_ لە ئێستایا لە بارودۆخێکی وەهانیم کە گرنگی بەو شتانەبدەم، و بەداواکارنیم هەر جێگەیەك و گەرماوێکی تێدابێت بەسمە.

نوسەرەکە لەسەر کورسیەکەی جولا و وتی: ساتێکم پێبدە گەورەم.

بەرەو ژوورەکەی تەنیشت هەنگاوی ناو و پاش کەمێك کەسێکی دیکەی لەگەڵ خۆی هێنا ساڵێك لە خۆی گەورەتربوو، وتی: بەخێربێی مسیۆ لوپین، بەڕێوبەری هۆتێلەکەم، سوپاسگوزاری سەردانیەکەتم، بەڵام بۆچێ پێشتر ئاگادارت نەکردینەوە باژوورێکی گونجاومان بۆڕێکخستابیت.

_ بێگومان وام نەکرد، لەبەرئەوەی چاوەڕێم نەکرد لەم کاتەی ساڵدا هۆتێلەکە ئەوەندە پڕبێت، هەروەها لەپشوودام و لێرە و لەوێم، لەڕاستیدا بۆسەردانی کەسێکی گەورەی ئەمستردام هاتووم، لەوەیە ئاشناشی بیت، بیتر لیفمان، وەك ئەوەی بیزانی بە بیرە بەناوبانگەکەی بەناوبانگە، بەڵام ئێستا لەدەرەوەی شارە و تاسبەی بەیانی یان دوا نیوەڕۆ ناگەڕێتەوە بۆیە ناچارم تا دەگەڕێتەوە لێرە بمێنمەوە.

_ تۆ هاوڕێی ئەوی؟

_ هاوڕێیەکی ئازیز گەورەم!...... بەڵکو برایەکی ئازیز.

بەڕێوبەرەکە دوای ئەوەی زانی لەنیەتی دا نییە هەڵبکوتێتە سەر بانکێك یان شتێك بە سۆزەوە لێی ڕوانی و بڕیاری دا لە هۆتێلەکە جێی بۆبکاتەوە.

لە کۆتایـدا وتـی: پـێم وابێـت ئەتـوانم ژوورێکـی گونجـاوت بـۆ بدۆزمەوە.

بەم شـێوەیە دوای دروسـتکردنی ئـاژاوەیەك و زانینـی نیـوەی میوانـانی هـۆتێلەکە کە لـوپین لەوێ دەمێنێـتەوە کێشـەکە چارەسـەربوو، بەڕاسـتی بـوو لەوەی هـاتووە بۆسـەردانی هاوڕێکەی.

* * *

لەکـاتی خـوانی ئێـوارە تێبینـی کـرد بەبـێ پچـڕان میوانـانی چێشـت خـانەکە لێـی دەڕوانـن، تەنـانەت ئەو ژن و پیاوەشـی کە مێـزەکەی لێیـانەوە نزیـك بـوو بەبـێ چـاو تروکـان لە نێوچاوی لوپینیان دەڕوانی.

لەڕاسـتیدا ئەوەی بە بەڕێـوبەری وتبـوو سـەد لە سـەد ڕاسـتبوو بۆسـەردانی لیفمـانی هـاوڕێی هـاتبوو بۆئەمسـتردام، و ڕۆژەکـانی بەسـەرببات، ئەگەر بەوشـێوەی لـوپین نەیەوێـت و نەڕوات بەدڵنیاییەوە نەدەمایەوە.

* * *

لەنزیـك مێـزەکەیەوە ژن پیوێـك لێیـان دەڕوانـی ،پیـاوێکی کەسـایەتی بەهێـز ڕووکـاری ئامـاژەی بەوەدەکـرد بەرپرسـیارێتیەکی گەورە هەڵـدەگرێت، و خاتونەکەشـی هەمـان تەمەنـی هەبـوو، لەسـەرخۆ و بەڕەوەشـت،زیاتر لەکەسـانی مـاڵەوە دەچـوون وەك لەوەی لە ئەهلـی ڕێسـتۆرانت بچن.

زیـــاتر سەرســـامبوو کاتێـــك بینـــی خەریکـــی فســـی فســـین واهەستی دەکرد لەسەر ئەوقسەن.

لە پەنـــچەرەکەوە لە بـــاخچە گەورەکەی دەڕوانـــی ووردتـــر بە گـولێکەوە ڕامـابوو تـا دەنگێکـی بیسـت وتـی: تـۆ ئارسین لـوپین نیت؟

ئـــــاوڕی دایەوە بەرەولای دەنـــــگەکە و بینـــــی وا ئافرەتێـــــك وەســـتاوە، وتـــی: بـــێجگە لە تۆمارنوســـەکە و بەڕێـــوبەری هـۆتێلەکە کەس بە کەسـایەتیم نازانێـت ئەبـێ کەسـێك لەسـەر مـن بـۆت دوابێـت، بەڵام بێخەمـبە لەنـیەتم دانـیە کەس بکـوژم یان دزی بکەم.

_ نـاوم خـاتوو ئۆبـواترە، هـاتووم دەربـارەی هەنـدێك خشـڵ قســەت لەگەڵ بــکەم، بێگومــان نــاڵێم بیــدزی بەڵکــو بــۆمێ بگەڕێنیـــتەوە، دەربـــارەی تـــۆ لەگەڵ مێـــردەکەم دواوم، وتـــم ئاســـمان لەم کـــاتە نـــاهەموارەدا تـــۆی بۆنـــاردوین بەڵام ڕەتـــی کـردەوە بێـزارت بـکەم بەکـاری کەسـی، هێشـتا لەهەوڵـی قایـل کـــردنیم، ڕێـــگەئەدەی مێـــردەکەم بـــانگبکەم بۆســـەر مێـــزەکەو چیرۆکەکەمان ببیسیتی؟

پــــێش ئەوەی لــــوپین قســــەبکا ژنەکە لەســــەر یەکێـــك لە کورســـییەکان دانیشـــت، هیچـــی ڕێگـــایەکی لەبەردەم نەمـــایەوە جـــگە لە وەڵامـــدانەوەی داواکەی: ئەم خشـــڵانە چیـــیە باســـی دەکەی؟

ئـــافرەتەکە ئامـــاژەی بۆپیـــاوەکەی کـــرد تـــا بێـــت بـــۆلای، نیگەرانی بە ڕووخسارییەوە بەڕوونی دەرەکەوت.

_ ڕاستی پەیوەندی بە یەك خشڵەوە هەیە، پارچەیەك ئەڵماسە.

_ بەڵێ...

_ ونمان کردووە، هی ئێمە نییە.

_ بەڵام ڕێگەیەك هەیە بۆگەڕانی؟

_ دزراوە.

لوپین: من نەمدزیوە.

مێردەکە لەتەنیشت لوپینەوە دانیشتبوو وتی: ئەڵماسێکی سافی ناوازەیە، هیچ نموونەیەکی نیە لەجیهاندا،ئەڵماسی ( هوپ) ی بەناوبانگە، نیوملیۆن دۆلار نرخەکەیەتی.

بەڕێز ئۆبواتر بەردەوام بوو وتی: ماوەی سی ساڵە وەکو بریکار بۆکۆگایەکی خشڵ لە لەندەن کارەکەم، خشڵەکە هی یەکێك لە سەردانیکەرەکانمانە و ناوی (( چاوی فریشتەیە))، موشتەرییەکەمان ویستی ئەڵماسەکە بتاشرێت تا جوانتر و بەنرختربێت، لەبەرئەوەی منیش ماوەیەکی زۆرە کارەکەم لەوێ بەمنیان سپارد تا بیهێنم بۆلای یەکێك لە شارەزایانی هۆڵەندا تاوەکو بیبڕێت بۆمان.

_ لێیان دزیت لە ڕێگا؟

_ هەرگیز، دوێنێ ڕادەستی دووکانم کردووە، ناوی خاوەنەکەش هندریك جونکیرە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەگەڵ ژنەکەم ڕۆشتین بۆدووکانەکەی...

_ ئازیزەکەم بەبڕێز لوپین بڵێ چیبووە.

ژنەکە وتــــی: کــــاتێ گەشــــتینە دووکــــانەکە بەڕێــــز جــــونکیر بەســــــاردی لە مێردەکەمـــــی ڕوانـــــی و نکــــۆڵی لەوەکــــــرد ئەڵماسەکەمان ڕادەست کردبێت.

مێـــردەکەی وتـــی: خەریکبـــوو شـــێت بـــبم، هەربەڕاســـتی واملێهـــات بڵـــێم مـــن ئەڵماســـەکەم هەڵنەگرتـــووە، لەبەرئەوەی نکـــۆڵیەکەی هـــیچ قســـەی تیـــانەبوو، بەڵام دڵینـــابووم لەخـــۆم، کە دوێنێ ئەڵماسەکەم پێداوە.

لوپین پرسی: دڵنیای هەڵەت نەکردووە لە دوکانە؟

_ ئەستەمە، ناوەکە لەسەر دەرگاکە نوسرابوو.

_ لەگەڵ بەڕێز جونکیر کۆبویتەوە؟

_بێگومـــــان، هەمـــــان ئەو کەســـــەبوو ئەڵماســـــەکەم پێـــــدا وبەیانیەکەشـــی ڕۆشـــتم لـــێم پرســـی و دواتـــر ڕۆشـــتم بـــۆلای پـــۆلیس، ســـکاڵام کـــرد و ڕۆشـــتن لەنوســـینگەکەی پرســـیاریان لێکـــــرد، بەڵام قســـــەکانی لەســـــەرەوەی مـــــن بـــــوو، بڕوایـــــان پێکـــردوو وازیـــان لێهێنـــا، خەریکبـــوو بمگـــرن بەتـــۆمەتی یـــاری کردن بەخەڵکی.

_ کەس تۆی نەبینی لەکاتی ڕادەست کردنی ئەڵماسەکە؟

_ نا، بەتەنها بووین لە کاتی ڕێککەوتن و ڕادەست کردنی.

_ وەسڵت لێ وەرگرت؟

_ بێگومـــان وامکـــرد، بەڵام نکـــۆڵی کـــرد کە خەت و واژۆی ئەوبێت.

_ ئەی ناکرێ کەسێك وەك ئەو خۆی گۆڕیبێت

_ مەحاڵە بەڕێز لوپین، ئەگەر بیبینی بۆت دەرەکەوێت کە کەس ناتوانێ وەك ئەو خۆی بگۆڕێت و لاسایی بکاتەوە.

_ ڕات چییە لەسەر دووانە؟

_ بیرم لەوەش کردوەوە، بەڵام گەمژە نیم و چیرۆکی زۆری پۆلیسیم خوێندۆتەوە، بەڵام پۆلیس دڵنیای کردەوە کە هیچ برایەکی هەبێت.

_ پێشتر ئەتناسی؟

_ تەنها بەناو، هەموو کەسێك لە کارگە دەیناسێ، کۆبونەوەکەی دوێنمان یەکەم کۆبونەوەبوو لە نێوانمان، نازانم چی ئەوی گۆڕی و کردی بە دز، بەڵام نرخی ئەڵماسەکە زۆرە و لە ئەقڵ بەدەرە.

_ کۆمپانیاکەت چی وت لەسەری؟

_ تا ئێست پێم نەوتون، لێت ناشارمەوە لە دەرئەنجامەکان ئەترسم.

* * *

ژنەکە خۆی هەڵدایە قسەکانیان و وتی: کۆمپانیاکە هەروەك چۆن ئاشنایە بە جونکیر و مامەڵەی زۆری لەگەڵ کردووە ئاواش مێردەکەم کە سی ساڵ خزمەتی هەیە دەناسێت، بەڵام پێویستی بە بەڵگەیەکی بەهێز تا چیرۆکەکەی لە کۆمپانیا بخاتە بەر باس.

مێــردەکە وتــی: لێــت ناشــارمەوە ژیــانم لەســەر ئەم دۆســییە بەنــدە، لەبەرئەوەی کۆمپانیــا ڕەچــاوی خزمەتەکــانم ناکــات و هیچ کۆمپانیایەکی تریش قبوڵم ناکات.

ژنەکەی: بەڕێــز لــوپین جــگە لەتــۆ کەســی تــرنییە یارمەتیمــان بدات پێویستمان بەیارمەتیتە.

لــــوپین داوای پەرداخێکــــی لەخزمەتکــــارەکە کــــرد و وتــــی: ئەیــکەم ، بەتــاییەت ئەمشــەو هــیچ کــارێکم نیــیە، ســەردانی بەڕێز جونکیر ئەکەم و قسەی لەگەڵا ئەکەم.

چاوی ژنەکە پڕبوو لە ئاو.

* * *

ئێــوارەی هەمــان ڕۆژ بەڕێــز لــوپین ســەردانی دووکــانەکەی بەڕێــز جــونکیری کــرد و داوا دیــدەنی کــرد، نوســەری کۆگــاکە وتــی کــێ دەپرســێ، وەڵامــی دایەوە و وتــی، ڕۆژنامەنووســە و ئەیەوێ بەدوای بازرگــانی ئەڵماســدا بــگەڕێ پێــی وتــراوە بەناوبانگترین پیاوی بوارەکەیە.

کــاتێ لەگەڵ بەڕێــز جــونکیر کۆبــوویەوە، دڵنیــابوویەوە لە قسەکەی بەڕێز ئۆبواتر کە وتی لاسایکردنەوەی ئەستەمە.

جــــونکیر پرســــی: ئەڵێــــی نوســــەری، لەچ ڕۆژنــــامەیەك کارەکەی؟

_ بۆ هەموو ڕۆژنامەیەك دەقەکانم بڵاو بکاتەوە.

_ بۆ نوسینی دەقەکانت چیت ئەوێ لەمن؟

_ تۆ بە پارچە ئەڵماس بەناوبانگی، ئەتوانی جۆری ئەو ئەڵماسە بەناوبانگانەم پێ بڵێی کە پارچە پارچەت کردوون؟

بەڕێز جونکیر کەمێك لەشوێنەکەی جوڵا و دواتر وتی: ئەڵماسی بەناوبانگ؟

_ مەبەستم ئەو ئەڵماسانەیە کە ڕای گشتی پێ ئاشنان.

_ ئەڵماسی بەناوبانگی زۆرم لەت کردووە.

_ تۆ زۆر ڕاست بێژی بەڕێز جونکیر، ئەی ڕات چییە لەسەر ئەڵماسی چاوی فریشتە؟

پیاوەکە بۆ چەند ساتێك لەجێگەی خۆی وشك بوو، دواتر وتی: چاوی فریشتە چییە؟

_ لەوەیە ناوی ئەڵماسەکەت بیستبێ؟

_ بێگومان ئەڵماسێکی بەناوبانگە.

_ چۆن لەتی دەکەی؟

_ لەوەدانیم لەتی بکەم.

_ بەڵام ئێستا لاتە.

_ هەرگیز.....

_ وام بیست.

_هەڵەی.

_ نامۆیە، لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی لەبەرژەوەندیخوازانی تۆ ئاگادارکراومەتەوە کە ئەڵماسەکە لایتۆیە.

_ کێیە؟

_ لەسەرمن نییە ناوەکەی بڵێم.

جـــونکیر بە قـــووڵی لە لـــوپینی دەڕوانـــی، دواتـــر بەرەو دەرگاکە ئاوڕی دایەوە و هاواری لە زوبلین کرد.

دیـــارە پێشـــتر دەرگـــاکە کرابـــووەوە لەبەرئەوەی هەرزوو زوبلـین خـۆی گەیانـدە جـێ، هێمـای پۆلیسـکەی پـێ نیشـان دا، لـوپنیش لێـی ڕوانـی، پۆلیسـەکە لە پاسـپۆڕتەکەی پرسـی و پێـی وت کەوا ئەو لە هۆتێـل دەمێنێـتەوە، پۆلیسـەکە لە مـۆڵەت یـان هەرشـــتێك کە ئەیســـەلمێنێ کەوا ڕۆژنامەنووســـە کـــرد، جـزدانەکەی پـێ نیشـان دا، کاتێـك نـاوەکەی خوێنـدەوە هـۆراس فلیمـۆن زۆر بەووردی لێـی ڕوانـی و وتـی: بەڕێـز فلیمـۆن نەمزانی ئێستا لە ڕۆژنامەکان کارەکەی.

_ خولیایەکی نوێیە بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان.

_ باشـــترە لەشـــوێنێکی دیـــکە بەدوای هەواڵەکـــان بگەڕێـــی، هیچ شتێکی گرنگ لێرە بەدی ناکەی.

لـوپین درکـی بەوەکـرد بەرەنگـاری و بەگژداچـونەوە سـوودی نیـــیە، بـــۆیە لە کارخـــانەکە وەدەرکەوت، گەڕایەوە بـــۆ هـــۆتێلەکە تـــا لە لایەنە ڕۆشـــناکانی بەرەو پێشـــچونەکانی بکۆڵێتەوە.

* * *

هەر بەوشـــێوەی لەگەڵ بەڕێـــز ئۆبـــواترۆ ڕێککەوتبـــوون لە ڕێستۆرانتەکە چاویان بەیەکدی کەوت.

دزە خشـــتەی ڕووداوەکـــانی بەیـــانی بـــۆ گێـــڕایەوە و وتـــی: جارێ هیچم نەکرد نەمتوانی قسەی لەگەڵ بکەم.

بەڕێـــز ئۆبـــواتر دوای ئەوەی بەهـــۆی ڕووداوەکـــانەوە حەزی خـــواردنی لەدەســـت دابـــوو بەغیلـــی بە بەڕێـــز ئۆبـــواتر دەبـــرد کاتێك دەیبینی چەند بەخۆشی خواردن دەخوات.

بەڕێـــز ئۆبـــواتر وتـــی: دیـــارە لەگەڵ پـــۆلیس هەمـــاهەنگە، تەنـــانەت دەستیشـــی دەپـــارێزن و بەرگـــری لێـــدەکەن و ناشـــهێڵن کەس پەیوندی پێوەبکات.

ژنەکەی:کێ ئەزانێ لەوەیە بەشێکی قازانجەی وەربگرن.

لـــوپین: لە ڕاســـتیدا وەك ئەوەی تێبینـــیم کـــرد دووکـــانەکە بەچـــڕی پاســـەوانی دەکـــرێ، دڵنیاشـــم ئەڵماســـەکە لەوێـــیە، تەنـــانەت ئەگەر نکۆڵیشـــی لێـــبکەن، تێبینـــیم کـــرد جـــونکیر تۆقـــا کاتێـــك پرســـیارم لێکـــرد، دیـــارە ئێســـتا لەمەبەســـتی ســـەردانەکەم ئەکۆڵنەوە.

بەڕێـــز ئۆبـــواتر: ئەبـــێ لای بێـــت، ســـەیری دۆلابەکەکەیـــت کرد؟

_ بەڵێ، لە نوسینگەکەی بینیم.

_ ئەگەر بـــــڕۆم و دۆلابەکە ببیـــــنم داوا لە پۆلیســـــەکەم کەوا بیکاتەوە.

لوپین: نوسینگەکەی دەکەوێتە نهۆمی یەکەم پشت هۆڵەکە.

ژنەکە: دیارە ئەڵماسەکەیان لەوێ شاردۆتەوە.

لوپین: قەبارەی ئەڵماسەکە چەندە؟

_ بە سەد قیرات پێوانەدەکرێ.

دوای بیستنی ئەو ڕستەیە لوپین وتی ئەبێ هێشتا لە نوسینگەکە بێت بۆیە داوایان لە پۆلیس کردووە پاسەوانی بکات، لە گۆشەنیگای جونکیریشەوە دەتوانم بزانم لەو کەسانەیە کە پێی وایە گەنجینە کۆنەکەی بەسە بۆئەوەی ئەڵماس و خشڵەکانی بپارێزێت.

هەردیاریشە لەو کەسانەیە کە پێی وایە کەس ناتوانێت گەنجینە ئاسنینە کۆنەکەی بشکێنێت.

ژن و پیاوەکە لە لوپینیان ڕوانی و لەکۆتایدا پیاوەکە وتی: سوودی ئێمە چییەلەمانە، لەوانەنیم هەڵبکوتمە سەر دۆلابا.

_ بەڵام، من ئەزانم..

دوو هاوسەرەکە لێیان ڕوانی و دواتر پیاوەکە وتی: ئەتەوێ دۆلابەکە بدزی؟

_ خۆتان هەرئەتان زانی ئەگەر هیچ ڕێگایەکی ترم نەدۆزیبایەوە پێی بگەم ئەوەم دەکرد.

خاتوو ئۆبواتر دەستی کرد بەگریان و وتی: تۆ ناتوانی وابکەی ئەوە دزییە.

_ بردنی پارەکانتان دزی نییە؟

پیاوەکە وتی: ئەی ئەگەر قۆڵبەستیان کردی؟

ئەگەر ئەڵماسی چاوی فریشتەکە بدزم جونکیر چۆن ئەتوانێ بەگژمدا بچێ لەکاتێکدا بانگەشەی ئەوەئەکا کەلای نیە.

بەڕێـز ئۆبـواتر ژنەکەی ئـارام دەکـردەوە و وتــی: هەرگیـز لە ژیانمــدا پــێم وانەبــوو یــارمەتی پیــاوێکی لە یاســا دەرچــوو بــکەم، بەڵام ئێسـتا خـۆم لەلای بەڕێـز لـوپین دەبیـنمەوە، بەڵام ئەگەر جــونکیر بە فێــڵ ودرۆ و فریــودان ئەڵماســەکەمانی دزیبێــت مــافی خۆمــانە بەهەمــان ڕێگــا بیگەڕێنــیەوە، بەڵام بەڕێز لوپین بۆچی ئەم بەرپرسیارێتیە هەڵەگری؟

لــوپین پێکەنــی و وتــی: لەبــری ئەم مانــدووبونە جــگە لە ئەڵماسەکە شتێکم برد هەواڵم لەسەر ئەدەن؟

خاتوو ئۆبواتر وتی واناکەن چونکە جونکیر شایەنێتی.

لــوپین پێکەنــی و وتــی: کەوایە ڕێککەوتــین، ڕاتــان چیــیە لەسەر میوە......

پیــاوەکە داوای لێبــوردنی کــرد و وتــی دڵــی هــیچ نابــات، سەرســامبوو لە خــۆش خــواردنی لــوپین لە کاتێکــدا بەرەو سەرکێشــییەك هەنگــاو دەنــێ لەوەیە بەســەلامەتی لێــی دەرنەچێ.

پیــاوەکە: ئــارزەوی خــواردنم لەدەســت داوە، هەر بەم شــێوەیە ئەبم تا دۆسییەکە کۆتایی پێدێت.

* * *

لــوپین ڕێگــاکەی ڕوون دەکــردەوە: جـونکیر لەو کەســانە دەکــا کە لە کــاتژمێر دەی ســـەرلەئێوارە بــخەون، ئەگەر وابــێ لە دوای ئەوکاتە یان نیوشەو دەچمە خزمەتی.

پێشم وابێ ئەوکاتە پاسەوانەکە نقوومی خەودەبێت، چ باشتر کارەکەم زیاتر ئاسان دەکا، و واشی بۆدەچم جونکیر لە نهۆمی دووەم ڕێك لەسەروەی گەنجینەکە بخەوێت.

بڕێز ئۆبواتر پرسی: هیچ شێك هەیە بتوانم یارمەتیت بدەم؟

_ نا، باشترە خۆت و ژنەکەت بڕۆن شەوەکەتان لە بارێك یان زۆرانبازییەك بەسەربەرن، بێگومان دوای خوانی ئێوارە، بیرت نەچێ لەکاتی داواکردنی خواردنی ئێوارە شەڕابێکیشت بۆمن لەبیربێ و بە خزمەتکارەکە بڵێیت کەوا لەدەست شۆرەکەم، تا ئەگەر لەداهاتوودا ویستت گەواهی بدەی ئەوە ئەبێتە گەواهی بۆت و خزمەتکارەکە لەتۆوە بیستویەتی، ئێستاش تائەوکاتە یەکەبینیەوە کارم هەیە ئەبێ بڕۆم و بیکەم.

لوپین لەسەر هەوای خۆی کاتژمێر شەش گەڕایەوە بۆ هۆتێلەکە و کلیلەکەی لە تۆمارنووسەکە وەرگرت و بەرەو ژوورەکەی وەڕێکەوت، کاتێ وەژوورکەوت هەستی کرد کەسێك دەستی گرتووە: ئەوە تۆی لوپین؟

لوپین هەر بەدەنگیا زانی بیتر لیفمانی هاوڕێیەتی، وتی: لەکاتی خۆیا گەشتی.

_ لە شوێنێکی دەرەوەی شار بووم هەرکە نامەکەتم پێگەشت خێرا خۆم گەیاند تابزانم چ باسە.

لە شوێنێك قاوەبخۆین دواتر بۆتی باسدەکەم.

لیفمان وتی: ترۆمبیلەکە چاوەڕێمە، با پێکەوە بڕۆینە دەرەوەی شار و بۆم باسبکە.

لەگەڵ جولانی ترۆمبیلەکا زمانی لوپینیش جولا.

لەنێوەڕاستی ئەو جەنجاڵییە زۆرەدا ترۆمبیلەکە بەشێوەیکی سەرسوڕهێنەر خێرابوو، دوای ئەوەی جووت هاوڕێ خواردنەکەیان تەواوکرد بەهەمان ئەو خێرایەی وەدەرکەوتبون گەڕانەوە.

لەڕێگادا لیفمان وتی: هیوادارم ڕاست بیت لەکارەکەت.

_ لە گەورەترین دەروونناسانی جیهانم، نیگەران مەبە، وەکو پیلانەکە بڕۆ و ڕۆڵی خۆت ببینە.

* * *

لوپین لە ترۆمبیلەکە وەدەرکەوت و بەرەو کۆگای جونکیری ئەڵماس بڕ بەڕێکەوت.

تاریکیەکی قووڵ بوو، بیناییەکە هیچ ڕووناکیەکی لێ نەدەبینرا و هیچ جوڵەیەکیشی لێ نەدەبیسرا.

بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆشت و بەڕێگای تایبەتی خۆی دەرگاکی کردەوە.

بە ئاگاییەکی لەسەرخۆ وەژووکەوت.

ڕووناککەرەوەیەکی کارەبایی بچووکی لە باخەڵی دەرهێنا و ڕێگاکەی بەردەمی پێ ڕووناك کردەوە.

گەشتە هۆڵەکە و بە دەست و پێ بەستراوی زویلن ی پشکنەری نهێنی بەرچاوکەوت، درکی پێکرد کۆمەڵێك کەس پێش ئەو کەوتون.

بەرێگـــای خـــۆی ڕۆشـــت بەبـــێ ئەوەی بوەســـتێ و لەحـــاڵی پۆلیســـەکە دڵنیـــابێتەوە، ئەکـــرێ دڵنیابوێـــت لەوەی ئـــاخۆ بریندارە یان مردوو.

گەشـــتە نوســـینگەکە و دەرگـــاکەی بەکراوەیـــی بینـــی، ڕووناکیەك لە ژوورەوەدەهات.

بەئاگـــاییەوە نزیکـــی دەرگـــاکەبویەوە، بینـــی ســـەرچاوەی ئەو ڕوونـــاکییە لە ڕوونـــاککەرەوەیەکی کارەبـــایی ســـەرچاوە دەگـــرێ و لەنزیـــك گەنجیـــنە ئاســـنینەکە لەســـەر زەوەیـــیەکە دانرابوو.

بینـــی کـــراوەتەوە تەنـــانەت ئەو کەرەستانەشـــی بینـــی کە پێـــی کرابوونەوە و بە پەرش و بڵاوی لێرە و لەوێ کەوتبوون.

لە نێـوان لـوپین و گەنجیـنەکە پیـاوێکی زلە کە دەستەسـڕەکەی لە ملـــی ئاڵانـــدبوو و وەســـتابوو، ئەو دەستەســـڕەکەی بـــۆ شاردنەوەی ڕووخساری بەکاردەهێنا.

لوپین لەسەرخۆ و بەڕەقی وتی: ئێوارەباش...

لەگەڵ ئەوەی لـــوپین زۆر لەســـەرخۆ ئەم ئێـــوارەی باشـــەی لێکـــرد بەڵام پیـــاوەکە تۆقـــا لەدەنگـــی لـــوپین و بەچەکـــێکەوە ئاوڕی بەرە و دەنگی لوپین دایەوە.

لـــوپین لەرێـــگەی چەکەکەیەوە هەوڵیـــدەدا تاوانبـــارەکە هـــیچ جـوڵەیەکی لەناکـاو نەکـات و قـایلی بکـات کەوا بەرگـری هـیچ سوودی نییە.

بەرێـز ئۆبـواتر بەدەنگێکـی پـڕ لەجۆشـەوە وتـی: تـۆ وتـت نیوەشـــەو هەڵەکەوتـــمە ســـەری ئیتـــر چـــی وایلیکـــردی ڕات بگۆڕی؟

✻———————————————✻

_ هەوڵمــدا ئەو بیــرۆکەیە بــخەمە مێشــکتەوە تــابزانم پــێش ڕووداوەکان دەکەوی یان نا.

لەڕاســتیدا لەلایەکــی دیکەشــەوە گومــانم لە بــابەتەکە کــرد، بۆســاتێك وا وێنــام کــرد کە تــۆ وام لــێکەی ئەڵماســەکە بــدزم و ڕادەســتی تــۆی بــکەم، دواتــر تــۆ خــۆت پــێش ڕووداوەکــان کەوتیــت و هەســتای بە ئەنجامــدانی کارەکــان، تــا مــن بــێم بــۆئێرە و بیــدزم بێگومــان تۆمەتەکــانیش ئاڕاســتەی مــن دەکــرا، چــونکە هەرمــنم ئەمــڕۆ ســـەرلەبەیانی ســـەردانی بەڕێـــز جــونکیرم کـــردوە و باســـی ئەڵماســـەکەم لەگەڵیـــا هێنـــاوەتە گۆڕ.....

بەڕێــز ئۆبــواتر ڕەش هەڵــگەڕا و دەمــی تەتەڵەی دەکردقســەی دەکــرد، وتــی: بەهەڵەداچویــت، دەترســام بیــرت بگۆڕیــت و ئەڵماسەکەم بۆنەگەڕێنیتەوە، بۆیە خۆم هەڵسام بەکردنی....

* * *

لــوپین پێکەنــی و وتــی: بەڵام هــاوڕێکەم ئەو کەرەســتانەی لەم نــاوە پەرش و بڵاوبــونەتەوە وانــاڵێن، ئامــاژە بەوەدەکەن کە خاوەنەکەی ئەزموونی پێشتری هەیە لەکردنەوەی قوفڵدا.

هەر هەمــان شــتیش لە بەســتنەوەی پشــکنەرەکەو کــردنەوەی دەرگاکان.

لـوپین جـارێکی دیـکە پێکەنــی و وتــی: بێگومـان نەتـوت چـۆن زانیت ئەڵماسەکە لێرە ئەبرن.

دیاریشــە خــاوەن کارخــانەکە نهێنیەکەیــان پاراســتووە، و بەیەك کەســیان نەوتــووە، تەنــانەت جــونکیریش خۆشــی نکــۆڵی لەوەکــرد ئەڵماســەکەی لابێــت تــا دز گــوێی لێنەبێــت و هەوڵــی دزینی بدات.

زۆر بەبەخت بویت کەزانیت.....

لەوەش بەبەختر کەزانیت من لەشارەکەم......

لەبەرئەوەی لە شــــارەکەبووم بێگومــــان پــــۆلیس تــــۆمەتەکەی ئاڕاســـتەی منەکـــرد، بۆئەوەشـــی دزیـــیەکەم لەسەربســـەپێنی خــۆت و ژنە بەڕێــزەکەت هــاتن ئەگەر ژنــی ڕاستیشــت بێــت لەگەڵ ئەو چیــرۆکە نــامۆیەی کە لەتــۆم بیســت ڕۆشــتم بــۆلای بەڕێــز جــونکیر و دەربــارەی ئەڵماســەکەم پرســی کەوایە هــیچ گومانێــك نەمــایەوە کەوا مــن دزم، لەکاتێکــدا تــۆ ئەم کەمیــنەت ڕێکخستووە و منت لە نێویدا داناوە..

بەڕێز ئۆبواتر وتی: ڕاستییەکەم پێ وتی بەڕێز لوپین.

_ هەرگیـــز..... هەرلەســـــەرەتای قســـــەکانتەوە زانـــــیم درۆم لەگەڵ ئەکەی، پێـــت وتـــم پـــێش ڕۆژێـــك ئەڵماســـەکەت داوە بەبەڕێز جونکیر، و لەڕۆژی دواتردا ئەیبڕی...

هەرکەســێك لەو بــوارە ئــیش بکــا ئەزانــن بڕینــی ئەڵماســی گەورە تێچــووی زۆرە و تاچەنــد ڕۆژێــك دراســەی ئەکــرێ نابڕێــت لەبەرئەوەی هەر هەڵەیەك کە ئەڵمــاس بــڕەکە ئەیکــا نرخەکەی کەمترئەبێت.

هەروەهــا هەڵەشــت کــرد کاتێــك پێــت وتــم ئەڵماســەکە ئەڵماســی قەبــارە هــۆبە، کاتێــك لەسەرکێشــەکەی پرســیم وتــت ســەد قیرات ئەبێت،

بەڵام ئەڵماسـی هـۆب لە چـل و چـوار قیـرات زیـاترنییە، ئەوەش بـزانە هـاوڕێ لە بەرژەوەنـدی خـۆمەبزانم کەسـێکی ئاشق بە ئەڵماس و خشڵی گران بەهام.

دزەکە وتـی: بـا ڕێکـبکەوین بەڕێـز لـوپین، بەشـی هەردووکمان ئەڵماس و خشڵی تێدایە.

_ زۆرسـوپاس..... بەبـێ ئەوەی سـەری خـۆم بیەشـێنم ئەمجارە بەخەڵاتی یاسایی ڕێزدارانە قایلە بم.

ئۆبـواتر هـاواری کـرد: بەڵام کەس بـڕوات پێناکـات بەهەمووان ئەڵێم لەگەڵم بویت.

_ بەداخەوەم، بەڵام کـاری خـۆمم کـردووە پێشـتر، ڕێککـاری پێشـوەختەم گرتـۆتەبەر تـا نەکەومە ژێربـاری درۆکـانتەوە، و پێچەوانەکەی بسەلمێنم.

لەو دەمەدا دووپیـاوەکە دەنگـی پێیـان دەبیسـت و ڕوونـاکی دەهات.

لەپشـت دەرگـاکە دووپیـاوی پـۆلیس وەدەرکەوتـن، بەڕێـز بیتـر لیفمان هینابوی..

لیفمـان ڕۆشـت و لەتەنیشـت لـوپین لەو شـوێنەی بە چەك هەڕەشـی لێـدەکرا وەسـتا و دواتـر بەزمـانی هۆڵەنـدی لەگەڵ پۆلیسەکان دوا.

ئۆبـواتر زانـی درکـی پێکـرد کە تیـاچووە و لـوپین کـاری خـۆی کردووە.

❃―――――――――――――――――❃

پۆلیسەکان دزەکەیان قوڵبەست کرد.

دواتـــر کۆمەڵێـــك پـــۆلیس هـــاتن و ژوورەکە و قاســـەکەیان پشکنی لەگەڵ ئەو کەرەستانەی کە پێی کرابوونەوە.

پـــێش ئەوەی ئۆبـــواتر وەدەرکەوێ لـــوپین وتـــی: باشـــترە لەســـەرخۆ و بەســـنگێکی فـــراوانەوە قایـــل بـــی، هـــیچم لەســـەر ژنەکەت نەوت.

ئۆبـــواتر ســـەری بە ڕەزامەنـــدی جوڵانـــد و چاوەکـــانی بە سوپاسەوە دەدرەوشانەوە.

لـــوپینیش بە خەڵاتێکـــی گـــران بەهـــاوە بـــۆی دەرچـــوو لەم دۆســـیە، لەبەرئەوەی ســـەرەڕای ئەو خشـــڵ و ئەڵماســـە گـــران بەهانەی لەنێو دۆلابەکەدابوو هیچی نەدزیبوو.

کۆتایـــــی